# گەشتی نیکۆلا سیوفی

## ١٨٧٣

بۆ

بێرووت-حەلەب- کردستان- مووسل- بەغدا

وەرگێڕانی عەزیز گەردی

سلێمانی ٢٠١٩



گەشتی نیکۆلا سیوفی

# گەشتی نیکۆلا سیوفی

**١٨٧٣**

وەرگێڕانی عەزیز گەردی

چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٩

هەڵەبڕی  نەوید ناسر

ژمارەی سپاردنی (٢٠١٩/٨٧)

# گەشتی نیکۆلا سیوفی

١٨٧٣

بۆ

بێرووت- حەلەب- کوردستان- مووسل- بەغدا

## پێشکێش

ئەم وەرگێڕانە پێشکێشە بە مامۆستای خزمەتگوزارو خەمخۆری بێ وێنەی مێژوو و کەلەپوورو شوێنەواری کوردستان. سەیدایێ هێژاو بەرکەتیو قەدرگران: عەبدورەقیب یووسف. مردنو رووڕەشی بۆ ئەو خاینو خۆفرۆشانەی بە ئەنقەسو بە بێ ویژدانی، دڵی مرۆڤی پاکو دڵسۆزی وەکو ئەو مرۆڤە دەشکێنن.

پێڕست



نیکۆلا سویفی لە 9ی ئابی 1873 دا. مانگێك پێش گەشتەکەی

# پێڕست

سەرایی 9
ژیانی نیکۆلای سیوفی 10
پێشەکی نووسەر 15
بێرووت 17
حەلەب 22
کوردستان 32
دیار بەکر 32
حسن کیفا 43
جزیرەی ئیبن عومەر 49
زاخۆو سەمانکا 51
مووسل 56
تکریت 67
سامەڕا 70
سندیە 72
بەغدا 75
دوایی 77
پەراوێز 81
پاشکۆی وێنەکان 87

# سەرایی

ئەمە گەشتی رۆشنبیرو نووسەرو سیاسەتمەدارێکی سەدەی نۆزدەمی سووریەیە. لە (بێرووت)ەوە هاتووە بۆ (بەغدا)و بە (حەلەب)و (کوردستان)و (مووسل)و (تکریت)دا تێپەڕیوە. گەشتەکەی بە ناو ئاوو بە وشکاتیدا بووە. لە (بێرووت)ەوە بە کەشتی بۆ (تەرابلس)و (لازقییە)و لەوێوە بە کاروانی وشکاتی بۆ (حەلەب)و (دیاربەکر)و لەوێوەش دوبارە بە ناو ئاودا، بە کەڵەکو بە رووباری دیجلەدا، شۆڕ بۆتەوە بۆ (بەغدا). گەشتەکەی لە 9ی ئەیلوولەوە تا 1ی تشرینی دووەمی ساڵی 1873ی خایاندووە. واتە بیستو پێنج رۆژی پێ چووە.

(نیکۆلا) لەم گەشتەدا، باسی ئەو شوێنانە دەکا کە پێیاندا تێپەڕیوە، یان لای داوەو پشووی تێدا داون. باسی خەڵکەکەو هەندێ رەوشتو باری ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتییان دەکا. کتێبەکەش هەرچەندە بچووکە، بەڵام نرخی مێژوویی خۆی هەیە. قسەکانی ئەوسای ئەم،

لەگەڵ باری ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو دیمۆگرافی ئێستا بەراورد بکە، دەبینی ناوچەکە، لەو ماوەیەدا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە.

# ژیانی نیکۆلا سیوفی

-(نیکۆلا سیوفی) لە 12ی نیسانی 1829، لە (دیمشق–شام)، لە خێزانێکی بە رەچەڵەك عەرەبی غەساسینە، لە دایك بووە. غەساسینەکان پێش ئیسلام فەرمانڕەوایی باشووری سووریەیان کردووە. بنەماڵەی (سیوفی) لە سەدەی دووەمی کۆچی، لە سەردەمی ئومەوییەکان، چوونەتە (دیمەشق)و تا هاتنی (تەیموور لەنگ) بە دروست کردنی شەمشێری دیمەشقی بەناوبانگ بوون.

- (نیکۆلا) زمانی عەرەبیو فرەنسی لە قوتابخانەی باوکالی لیعازەری خوێند. پاشان زمانی تورکیو ئیتالی خوێند.

- (نیکۆلا) لە 5ی کانوونی یەکەمی 1866دا، بوو بە وەرگێڕ لە سەفارەتی فرەنسی لە (دیمشق).

- ساڵی 1875، لە قونسلیەتی فرەنسی، لە (بەغدا)، دامەزرا.

- ساڵی 1877، گوێزرایەوە بۆ قونسولییەی فڕەنسی لە حەلەبو تا ساڵی 1877 لەوێ مایەوە.

-ساڵی 1877، گوازرایەوە بۆ قونسولیەتی فڕەنسی لە (دیمشق).

- لە 4ی تشریتی یەکەمی ساڵی 1877دا، بوو بە قونسول لە (مووسل).

- لە 14ی تەمووزی 1880دا، فڕەنسا نیشانی (سوارەی تیپی سەرفرازی) پێ بەخشی.

- لە 5ی کانوونی یەکەمی 1880دا، بە قونسوولی پلە دوو دامەزرا لەگەڵ ئەوەیشدا، تا 30 ئاداری 1893، بە قونسولی لە (مووسل) مایەوە.

-لە 30 ئاداری 1893دا، بە پایەی قونسولی یەکەم خانەنشین بوو .

- دوای خانەنشین، لە (لبنان)، لە گوندێکی دوور، ئاکنجی بوو.

- لە 20ی کانوونی دووەمی 1901، لەو گوندە دوورە، کۆچی دوایی کرد.

## بەرهەمەكانی سیوفی

سیوفی كۆمەڵە بەرهەمێكی بە نرخی لە پاش بە جێماوە گرنگترینیان ئەمانەن:

-كۆمەڵە دەستنووسێكی بیناكانی شاری (مووسل). دوو بەرگە: یەكەمیان ساغ كردنەوەو بلاّو كرنەوەی دەستنووسەكانە بە عەرەبیو دووەمیان تێبینییە لەسەر دەستنووسەكان. بە فرەنسییە. بە **ناوی (چەلد (سەرنجێكی مێژوویی لەسەر دەستنووسەكانی شاری مووسل)**

-كتێبێك لە بارەی سوبییەكان بە ناوی (چەند لێكۆڵینەوەیەك لەبارەی سوبییەكان ، پاریس، 1880).

– (راپۆرتێك لە بارەی تاوانو دزییو توندو تیژی پرووسییەكان لە فرەنسا، لە كاتی شەڕی 1870دا، بێرووت، 1871.

-لێكۆڵینەوەیەك لە بارەی مۆری سولتانی مەغولی (گایتۆ ئینگتۆ خودا بەندە)، گۆڤاری ئاسیایی، پاریس، 1869، بەرگی 8، 331ل- 345.

-پاشكۆی ژمارە 1ی (كەتەلۆگی پارەی عەرەبی) كە ساڵی 1879 بلاّو بۆتەوە. مووسل،1891)

–لستێکی پارەی موسلمانان.

– لیستێکی پارەی موسلمانان ، پێنج تابلۆ. مووسڵ 1880.

لیستێکی پارەی موسلمانان، چوار تابلۆ. مووسڵ 1880.

## چەند رەمزێکی دیاری کردنی کات

(نیکۆلا سیوفی) هەندێ رەمزی لە تەنیشت ژمارەی سەعاتەکانی رۆژ داناوە، مانای تایبەتیان هەیە. دیارە رەمزەکان ئەو کاتە باو بووین، بەڵام ئێستا بە کار نایەن. رەمزەکانو ماناکانیان ئەمانەن:

نیشانەی > لە لای راستەی ژمارەی سەعات، یانی نیو سەعات. بۆ نموونە: > 9 واتە سەعات نۆو نیو

نیشانەی ≤ لە لای راستەی ژمارەی سەعات، یانی سێ چوارەکە سەعات: بۆ نموونە: ≤ 9 واتە سەعات نۆو سێ چوارێك. یانی سەعات دە چوار یەکێك کەم.

نیشانەی(،): لە لای راستەی ژمارەی سەعات، واتە پێنج خولەك. بۆ نموونە: (،9) واتە سەعات نۆو پێنج خولەك.

تیشانەی(،،): لە لای راستەی ژمارەی سەعات واتە دە خولەك. بۆ نموونە: (9،،) واتە نۆو دە خولەك.

تیشانەی(–): لە لای راستەی ژمارەی سەعات، واتە چوارەکە سەعەتێك. بۆ نموونە: (9–) واتە سەعات نۆو چوارەکێك.

# پێشەکی نووسەر

کاتێ بە قونسول لە (بەغدا) دامەزرامو لە شاری (بێرووت)ەوە، بەرەو(بەغدا)ی رۆژئاوا بە رێ کەوتم، بڕیارم دا هەندێ بیرەوەری سەفەرەکەم بنووسمەوە لە بارەی ئەو شتانەی لە سەفەرەکەمدا دەیانبینمو ئەو قۆناغانەی دەیانبڕمو ماوەی قۆناغەکان.

کە گەیشتمە بارەگا تازەکەم، بیرم کردەوە بەڵکو ئێوە گۆشەیەکی (جنان)ەکەتانم بۆ تەرخان بکەن باسی سەفەرەکەمی تێدا بکەم بەڵکو سوودێکی، با کەمیش بێ، بۆ ئەو گەڕیدە رۆژهەڵاتییانە هەبێ کە دەچنە سەردانی (عێراق).

کاتێ بیرەکەمم بە هۆی خاڵۆزای ئازیزم (خواجە میخائیل سیوفی) بە ئێوە گەیاند، ئێوە پەسندو قەبووڵتان کرد، ئیتر منیش پێشکەش ئێوەم کرد.

بەر لەوەی دەست پێ بکەم، حەز دەکەم ئەو قەرزەی لەسەرمە بیدەمەوە؟ ئەویش ئەوەیە سوپاسو پێزانینی خۆم پێشکەش بە خەڵکی

بەڕێزو بە پیاوماقوولانی (بێرووت) بکەم کە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەی لە شارەکەیان بووم، زۆر بە ڕێزو دۆستانە مامەڵەیان لەگەڵ کردم. لە خوام گەرەکە هەر بە خۆشیو سەلامەتی بیانبینم.

نیکۆلا سیوفی26ی حوزێرانی ساڵی 1874.

# بێرووت

## 9ی ئەیلوولی ساڵی 1973

ڕۆژی 9ی ئەیلوولی ساڵی 1873، سەعات پێنجی پاش نیوەڕۆ، خوا حافیزیم لە دۆست‌و برادەران کردو سواری پاپۆڕێکی فڕەنسی بووم بە ناوی (تانایس)و دوای نیوەشەو، لە بەندەری (بێرووت) بە ڕێ کەوتین‌و ڕۆژی چوار شەممەی 10ی مانگ، سبەینێ زوو، گەیشتینە بەندەری (تەرابلس).

دەوری > 5 ڕێمان بڕیبوو. دابەزینە سەر وشکاتی‌و ڕۆژەکەمان لەو ناوەی پێیدەڵێن بەندەرو کەوتۆتە سەر کەنارو لەو شارەی دەوری نیو سەعاتە ڕێ لەوێ دوورە، بەسەر برد.

یەکێ لەو شتانەی لە دەرەوەی شار دیمان تەکیەی مەولەوی بوو. شوێنێکی خۆشی هەیە، بەسەر دۆڵێکدا دەڕوانێ ئاوێکی زولالی تێدایەو هەمووی سێبەری خەستی دارو درەختە. ماوەیەك لەوێ ماینەوەو

گەڕاینەوە لای کەشتییەکەمان. شەوەکەی زۆر گەرم بوو. کاپتن فەرمانی دا سفرەی خواردن لەسەر پشتی کەشتی رابخەن.

سەعات 11، واتە سەعاتێك پێش نیوەشەو، لە بەندەری (تەرابلس) بە رێ کەوتین. بەیانی رۆژی پێنجشەممەی 11ی مانگ، کەشتییەکەمان لە بەندەری (لازیقییە) لەنگەری گرت. تا ئێوارێ لەوێ ماینەوە. سەعات 8ی دوای نیوەڕۆ، لەوێ دەرچووین. بەیانی رۆژی هەینی، 12ی مانگ، گەیشتینە بەندەری (ئەسکەندەروونە).

یەکسەر دابەزینە سەر وشکاتی‌و دەستمان بە دابین کردنی پێویستی سەفەر کرد. وەکوو ئەو کەژاوەی پێی دەگوترێ (تەختی رەوان)* و شتی دیکە. هەر ئەو رۆژە، سەعات دووی دوای نیوەڕۆ، لە (ئەسکەندەروونە) رۆیشتین‌و سەعات پێنج گەیشتینە (بیلان)*. ئەو قۆناغەمان، لە (ئەسکەندەروونە) تا (بیلان)، تەنیا سێ سەعاتە رێ بوو. (بیلان) گوندێکی گەورەیە، لە قونتاری چیایەك‌و لەسەر دۆڵێکە، ئاوێکی زولالی پێدا دەڕوا. ئاوو هەوای خۆشە. لە خانێکی تایبەت بە رێبواران دابەزین. شەو لەوێ ماینەوە. لای زۆربەی خەڵکی ئەو ناوە، زمانی کوردی، لەم گوندەوە دەست پێدەکا.

## شەممە، 12ی ئەیلوولی ساڵی 1873

سەعات سێی دوای نیوەشەو، لە (بیلان) ڕۆیشتینو دوای سەعاتێ، (ئەنتاکیە)مانو دەشتێکیمان لێدەرکەوت بە ناوی (دەشتە قووڵ). داماننابوو بە ڕێگای (ئەنتاکیە)دا بڕۆین بۆ ئەوەی ئەوێش ببینین، بەڵام کە زانیمان ئەم لادانە ڕۆژێك لە سەفەرەکەمان زیاد دەکا، پەشیمان بووینەوە. سەعات حەفتی بەیانی، گەیشتینە خانێك بە ناوی خانی (دیاربەکرلی)□. لە سەرەتای دەشتەکەدە. ئاوێکی سازگارو زوڵاڵی هەیە. دابەزین بۆ ئەوەی لە قرچەی گەرما، لەوێ بحەسێینەوە. ڕێگای (بیلان) تا ئەوێ هەمووی چیایەکی پڕ لێڕەوارە پێدەڵێن: چیای (بیلان). ناو بە ناو دەگەیشتینە مێگەلە مەڕو بزنەگەلی گەورەو کاروانی زۆر، هەندێکیان دەچوونە (حەلەب)و هەندێکیان لە (حەلەب)ەوە دەهاتنە (ئەسکەندەروونە).

ئینجا سەعات دووی پشتی نیوەڕۆ، سوار بووینو کەوتینە ناو (دەشتەقووڵ) کە لە دەشتی (بیقاع) دەکا. بەڵام گوندو ئاوەدانی کەمەو زۆریش گەرمە. سەعات 4، لە لای پردێك پشوومان دا، پێیدەڵێن: پردی (مراد پاشا). بینا بە قسەی خەڵکەکە، بە ناوی ئەو کەسە کراوە کە دروستی کردووە.

دوای نیو سەعات، لەوێ هەڵقەناین‌و ڕۆیشتین. سەعات 6، گەیشتینە (کانی سپی)[*]. ئەمە گوندێکی بچووکە، کەوتۆتە سەر بلندایییەك، لەسەر کانیاوێکی نزیك گوند، لامان داو شەو لەوێ ماینەوە. ماوەی گەشتەکەمان لە (بیلان)ەوە تا (کانی سپی) حەفت سەعات‌و نیو ڕێ بوو.

## یەك شەممە، 14ی ئەیلوولی ساڵی 1873

سەعات یەکی دوای نیوەشەو، لە (کانی سپی) ڕۆیشتین. سەعات سێ ڕێمان کەوتە لای گەرماوێك ئاوەکەی شیرتین‌و گڕاو بوو. ناوی گەرماوی (قودرەت) بوو. چووینە ژوورەوە، حەوزێکی چوارگۆشەی بۆ کراوە، لە ناو ژوورێکی سەرگیراودایە. ئاوەکە دێتە ناو حەوزەکەو لەبەری دەڕواو دەچێتە دەرەوە.

سەعات چوار، گەیشتینە (عفرین)[*]. (عفرین) ڕووبارێکی بەناودا دەڕوا. سەعات 5، گەیشتینە گوندی ( مەعران)، ڕەشەوەندی خەڵك پێیدەڵێن ئاوایی عەرەبان. دوای ئەوە بە دە خولەك کاولە گوندێکمان لە لای ڕاستە بینی، بینی پێیدەڵێن: (بەرزە). لە نیوەی ڕێگای نێوان (کانی سپی)و گوندی (ترمانین)[*]ە.

دەوری سەعات 8، لە چیا گەیشتینە دەربەندێك، سواربوونی تەختی ڕەوان زەحمەت بوو. ماوەکەی نزیکەی بیست خولەك بوو. لەوێوە شۆڕبووینەوە بۆ دەشتێك پێیدەڵێن: وڵاتی (حەلفا). سەعات > 8 ، بە نزیك گوندی (خەرزە)دا تێپەڕین. گوندەکە کەوتبووە لای دەستەچەپمان. برادرانمان جێ هێشت‌و چووینە ناو گوندەکە. دیمان لایەکی کاول بووە. هەندێ بینای کۆنی دیانانی تێدا بوو. لە چوارچیوەی دەرگاکان، وێنەی خاچ لەسەر بەرد هەڵکەنرا بوو وەکوو ئەو ڕەمزانەی لە (حوران) دیمان.

لە لای دەستە ڕاستیشمان، لە دوورەوە، گوندی (الدانا)[**] بوو.

سەعات 9، لە گوندی (ترمانین) دابەزین‌و دوو سەعات لە ماڵی شێخ حەساینەوە، ئینجا سواربووین‌و ڕۆیشتین. سێ چوارەکە سەعات دوای نیوەڕۆ، گەیشتینە گوندی (تقات). تورك پێیدەڵێن: (ئەنجیرکۆی)، واتە گوندی هەنجیر. لەوێ لە ژێر چادر خەوتین.

ماوەی نێوان (کانی سپی)و (تقات) سەعاتە ڕێیەك بوو. ڕێگاکەمان ڕاست‌و دووز نەبوو، چیاکان، بە پێچەوانەی ئەو چیایانەی پێشتر دیبوومان، رووت‌و کرێن بوون.

# حەلەب

## دوو شەممە، 15ی ئەیلوولی ساڵی 1873

سەعات یەکی دوای نیوەشەو، لە (تقات) رۆیشتین. سبەینیٚ سەعات 7، گەیشتینە شاری (حەلەب). ماوەی نێوان (تقات)و (حەلەب)، تەنیا شەش سەعاتە رێیە. رێگاکە دەشتە. چادرمان لە ناو باخێکی شار، لە دەم رووباری (قوەیق)[**] هەڵدا کە باخەکانی شاری پیٚ ئاو دەدەن.

(حەلەب) شارێکی گەورەو جوانە. ئەوەی لە دوورەوە ببینیٚ دڵی بە دیمەنی سروشتیو بە باخو بیستانەکانی دەکرێتەوە. بیناکانی هەموو لە بەردی تاشراون. زۆربەی رێگاو بازاڕەکانی، لە چاو شارەکانی دی، پاکو فراوانن. هەندیٚ لە خالەدانەکانی شار خەریکن خانوو لە دەرەوەی شار، لە چۆلی دروست دەکەن، لە شوێنێك پێیدەڵێن (عەزیزیە)[**]. خانووەکان داخراون. هەموو سەربەخۆو لە یەك دابڕاون. هەموو لایان باخچەیە. بە مکوومی کراون. زاخاوی چاو دەدەنەوە. لە خانووەکانی (لبنان) دەکەن. چووینە هەندیٚ ماڵ ماڵخۆی

ماڵەکان زۆر بە رووخۆشیو میهرەبانی بەخێریان هێنایین. خوا پاداشی چاکەیان بداتەوە. لە هەردوو دونیادا جێگەیان ماڵی خۆشو ئارام بێ.

چەند رۆژێك لە (حەلەب) ماینەوە بۆ ئەوەی پێویستیی سەفەر دابین بکەین. ئینجا، رۆژی دوو شەممەی 22ی ئەیلوولی ساڵی 1873، جێمان هێشت.

سەعات > 2 ی دوای نیوەشەو، رۆیشتین. سەعات 6 بە لای گوندێکی بچووکدا تێپەڕین پێیدەڵێن (باب النلیس)و سەعات 7 لە گوندی (حاسین) دابەزین. ئەوگوندە، رووبارێکی لە تەنیشتە پێی دەگوترێ (ساجوور). ئەم ساڵێ حوکوومەت ئەم رووبارەی هێناوەتە (حەلەب) چونکە ئاوی رووباری (قوەیق) لەم رۆژانەدا، زۆر لە کورتی داوە.

نیو سەعات لەوێ حەساینەوەو کەوتینەوە رێ. پاش چارەکە سەعاتێك، گوندی (تورکمان بارج) لە دەستە راستمان، لەسەر گردێکی نزیك، دەرکەوت. سەعات دوازدە، بە تەنیشت گوندی (بالوزە)دا تێپەڕینو سەعات 12، دوای نیوەڕۆ، گەیشتینە گوندی (وەقف)و لەوێ چادرمان هەڵدا بۆ نووستن.

ماوەی نێوان (حەلەب)و گوندی (وەقف)، دە سەعاتو نیو ڕێیە. ڕێگا هەمووی دەشتە، پڕە لە ئاوەدانی. بەڵام گوندەکە گوندێکی بچووکو نەتەچاوە.

## سێشەممە، 23ی ئەیلوولی ساڵی 1873

سەعات سێی پاش نیوەشەو، لەگوندی (قوەیق) ڕۆیشتین. سەعات شەش لەگەڵ گەزەنگی ڕۆژێ، بە لای گوندی (خل ئۆغلی)دا تێپەڕینو سەعات حەفت، بە گوندی (باب لیمۆن)و پاش ئەوە بە بیست خولەک، بە گوندی (حاجی وەلی)و سەعات هەشت، بە گوندی (ئوکوز ئولدران)و پاشان بە بیستو پێنج خولەک، بە گوندی (قەرەکوز)دا تێپەڕینو سەعات نۆ ڕووباری (ساجوور)مان بڕی. ئەوە بوو پێشتر باسمان کرد. کڵێسەیەک لە نزیک گوندەکە هەیە. سەعات دە بیستی دەویست، لەوێ سوار بووینو سەعات 11، واتە سەعاتێک پێش نیوەڕۆ، گەیشتینە لای گوندی (زەنبوور)و لەوێ چادرمان هەڵدا.

ماوەی نێوان گوندی (وەقف)و گوندی (زەنبوور) حەفت سەعاتو بیست خولەک ڕێیەو هەمووی دەشتە. خەڵکی گوندەکان تەنیا بە زمانی تورکی قسە دەکەن.

## چوارشەممە، 24ی ئەیلوولی 1873

سەعات –2ی پاش نیوشەوێ، لە (زەنبوور) بە ڕێ کەوتین. بە لای هەندێ گونددا تێپەڕین لەبەر تاریکی دیار نەبوون. سەعات 7، بە لای قسنێکدا تێپەڕین دوو گومەزی بە سەرەوە بوو پێی دەگوترێ قسنی شێخ مەحموود. دوای پێنج خولەك، لای پردێك رووباری (کالرین)مان بڕی. پردەکە بە ناوی رووبارەکە کراوە. پێشتر رووخا بوو. ئەم ساڵ چاك کراوەتەوە. لەوێ دابەزین بۆ ئەوەی پشوو بدەین. هەندێ ئەشکەوتمان لە نزیك پردەکە بینی. یەکێکیان ئەشکەوتێکی گەوورە بوو، لەسەر پێنج کۆڵەگە بوو. کۆڵەگەکان لە بەردی هەمان شاخ بوون. دەوراندەوری دەرگا بوو دەتگوت گۆڕستانی زەمانی بەرێیە کە مردووەکانیان لە چیا دەناشت. ئەشکەوتەکە کلاورۆچنەیەکی لە ناوەڕاستی ساپیتە هەیە.

سەعات 7، لەوێ هەستاین‌و سەعات 9، بە لای گوندی (تلمان)دا تێپەڕین. نیو سەعات بەر لەوەی بگەینە ئەوێ، (براجیك)و قەڵاکەمان لە قونتاری چیایەکی پێشمان، لێدەرکەوت. سەعات 10، گەیشتینە کەناری رووباری فورات. لەبەر ئەوەی ئەمساڵ باران کەم بوو، ئاوی فورات تەنیا چارەکێکی ساڵانی پێشوو بوو. بە جۆرە بەلەمیك پەڕینەوە

لە وڵاتانی تر نییە. بەلەمەکە پاشەڵی زۆر بەرزەو لمووزی نزمە. کە خۆی دەداتە پاڵ کەنار، لەگەڵ ئاستی وشکایی کەنار یەکسان دەوەستێ. بەم جۆرە، وڵاغ بە بارەوە دەچێتە سەری. جاری وا هەیە وڵاغەکە دەڕەوێتەوەو بارەکەی فڕێ دەداتە ناو ئاو. وەکوو بەسەر ئێمە هات. لە حاڵەتێکی وادا سندووقێکمان کەوتە نا ئاوو شتەکانی ناوی هەموو عەدم بوو. بۆیە وا باشە یەك یەك بار بکرێن.

ئەو بەلەمانە کە پێیان دەڵێن قایەغ، بە پتەوی دروست نەکراون. هەر یەکە، یەك بولەموانی هەیە. کە گەیشتینە کەنارەکەی تری رووبار، باریان داگرت بۆ گومرگ. حەشیمەتێکی زۆرمان بینی سەیری ئێمەیان دەکرد.

لە نزیك دەرگای (ئورفە) چادرمان هەڵدا. دەرگاکە ئاسن بوو. تەنیشتەکانو لای سەرەوەی نووسینی عەرەبییان لەسەر بوو. کاتمان نەبوو روونووسیان بکەین. لاشێکی دەرگا ئاسنەکە ئەمەی لەسەر نووسرابوو (شا ئەشرەف قەیتبای)، هەر سەرکەوتوو بێ. ئەمە پاشایەکی میسری بووە بەر لەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەستی بەسەر دابگرێ. ساڵی 872ی کۆچی، بوو بە پاشاو ساڵی 901ی کۆچی، کۆچی دوایی کرد.

(براجیك)یش شارۆچكەیەكی مام ناوەنجییە. ڕێگاكانی تەسك‌و تریسك‌و پیس‌و پلۆخن، بازاڕەكانی تاریكن. تۆزی زۆرە. ماوەی نێوان (زەنبورر)و (براجیك) دەوری حەفت سەعات‌و نیو ڕێیە. ڕێگاكە زۆربەی دەشتە. خەڵكی گوندەكان بە توركی قسە دەكەن.

## پێنجشەممە، 25ی ئەیلوولی ساڵی 1873

سەعات 3ی دوای نیوەشەو، لە (براجیك) ڕۆیشتین‌و سەعات 7، لەسەر حەوزێك لامان دا لە شاخ هەڵكۆڵرا بوو بۆ ئەوەی ئاوی بارانی تێدا كۆببێتەوە بۆ ڕێبواران. بەڵام كە ئێمە چووین، هیچ ئاوی تێدا نەبوو. بە پلیكانەیەكدا چووینە خوارێ بۆ ئەوەی لەبەر سێبەر پشوویەك بدەین چونكە ڕێگامان زۆربەی دژێ بوو.

خواردنمان خواردو سەعات 9 جێمان هێشت‌و كەوتینە ناو دەشتێك. سەعات 10، بە لای گوندی (مەغریبی)دا تێپەڕین. دە خولەك پێش نیوەڕۆ، بەلای گوندێكدا تێپەڕین پێیدەگوترێ: (مەزرەعە). دوای ئەوە بە چارەكە سەعاتێك، گەیشتینە قۆناغ. گوندێكە پێیدەگوترێ (قارنە حوشی). شێخەكەی (ئاغاكەی) بۆی باس كردین كە خەڵكەكەی لە (تراجیك)ەوە دێنە ئەوێ. لەوێوە تا (دیاربەكر) هەموو كوردن‌و زمانیان

کوردییە. بەڵام بە تورکی قسەیان لەگەڵ ئێمە دەکرد. ئای لەو تورکییە سەقەتە!!

بە تەمابووین لە (براجیك) بچینە (ئورفە) بۆ ئەوەی بیبینین بەڵام کە بینیمان کاتێکی زۆری دەوێ، پەشێمان بووینەوەو ڕێگای خۆمان گرتە بەر. ماوەی نێوان (براجیك)و (قارنە حوشی) > 7 سەعاتە ڕێیە.

## هەینی، 26ی ئەیلوولی ساڵی 1873

سەعات -2ی دوای نیوەشەو، لە (قارنە حوشی) ڕۆیشتین. ڕێگامان تەختو دووز نەبوو. سەعات 6، گوندی (تونە) لە دەستەچەپمان بوو. سەعات 30،6 گوندی (تارتاش)مان لە لای ڕاستە بینی.. سەعات 30،7، گەیشتینە باخەکالی (هواك) لەسەر سەروچاوەی ڕووبارێك بوو، ماسی زۆر بوو، چونکە خەڵکەکە ڕاوەماسییان نەدەزانی. ڕووبارەکە ئەو باخە تەڕو سەوزانەی ئاو دەدا. سەعات 2ی دوای نیوەڕۆ، لەوێ سوار بووین، دوای چارەکە سەعاتێك، بە گوندی (هواك)دا تێپەڕین. (قەرەقاش) لە لای دەستە ڕاستمان بوو. سەعات 30،2، گوندی (قەرە جاتاغ)مان لە لای دەستەڕاست بینی. سەعات

4، بە نزیك گوندی (بوغدیك)دا تێپەڕینو سەعات 6، بۆ نووستن لامان دایە گوندی (تەتریش).

ماوەی نێوان (حوشی)و (تەتریش) > 9 سەعاتە.

## شەممە، 27ی ئەیلوولی ساڵی 1873

سەعات > 1ی دوای نیوەشەو، لە (تەتریش) هەستاین ڕۆیشتین، سەعات 6، لەگەڵ گەزەنگێ ڕۆژێ، بە تەك گوندی (تاتوق)دا تێپەڕینو سەعات 7، لە گوندی (قەرەجون) دابەزین بۆ پشوودان. سەعات 8، جێمان هێشت. سەعات 10، بۆ خەوتن، لامان دایە باخەكانی (مشمشین). ڕێبوار دوای گەرمای خۆرو ماندوێتیی سەفەر، بە ئاوو دیمەنی باخەكانی ئەم گوندە دەبووژێتەوە. ماوەی نێوان (تەتریش)و ئێرە 8 سەعاتە ڕێیەو زۆربەی ڕێگاكە دەشتو ڕاستانە.

## یەكشەممە، 28ی ئەیلوولی ساڵی 1873

سەعات 12ی نیوەشەو ماڵاواییمان لە (مشمشین) كرد. دەمانەویست ئەو ڕۆژە لەوێ پشوو بدەین، بەڵام بە قسەی كاروانچییەكانمان كرد. چووینە (سواریك) چونكە ئەوێ لە (مشمشین) جوانترو خۆشترە.

سەعات ،،1، بە سەر پردی (ساقییەفەلدی)دا رۆیشتین کە لەسەر رووبارێك کراوە. سەعات شەش کەم دە خولەك، بە سەر پردی (سواریك)دا رۆیشتین. سەعات 7، لە (سواریك) لامان دا. لە (مشمشین)ەوە تا ئەوێ، 6 سەعاتە رێیە.

کە لامان دا، دیتمان لە (مشمشین) گەورەترە. چەند بازارو مزگەوتی هەیە. بەلام زۆر پیس‌و پلۆخە. هیچ ئاوی رەوان‌و باخی لێ نییە. لەوێ مەبەستی کاروانچییەکانمان بۆ دەرکەوت بۆچی ویستیان بێینە ئێرە. جۆ لێرە هەرزانترە تا لەوێ. لە پێناوی بەرژەوەندی کەمی خۆیان ئەمەیان بە ئێمە کرد. جگە لەوەی بایەخ بە حەسانەوەی رێبوار نادەن‌و چاویان لە بارەکان نییە. (خوا کاریان راست بێنێ.)

## دووشەممە، 29ی ئەیلوولی ساڵی 1783

سەعات 2ی پاش نیوەشەو، (سواریك)مان جێ هێشت‌و سەعات 5، گەیشتینە هنداو گوندی (ئوج ئاکوی)، لەوێ کرێکارێکی زۆرمان بینی لەسەر رێگای لۆریان بۆ کار کردن کۆببوونەوە. سەعات 5، لەوێ رۆیشتین. سەعات 10، لە تەك ئاشێك لامان دا پێیدەڵێن: (کادرك دکرمانی). سەعات 3ی دوای نیوەڕۆ، لەوێ رۆیشتین‌و سەعات 5،

لەتەك خانێکی گوندی (قەرە باغچی) لە سەر  کانییەکی ساردو سازگار خستمان. ماوەی نێوان (سواریك) تا ئێرە، دە سەعاتە ڕێیە.

# کوردستان

## دیاربەکر

<u>**سێشەممە، 30 ئەیلوولی ساڵی 1873**</u>

سەعات 3ی دوای نیوەشەو، قۆناغەکەمان جێ هێشت. تا ماوەی 3 سەعات، ڕێگا زۆر سەخت بوو. سەعات > 5 ،کەوتینە ناو دەشتی (دیاربەکر). لە دوورەوە، چیا مەزنەکەیان، لەو سەری بینی. سەری لە هەور دەسوی. سەعات6، لەوێ نەختێ حەساینەوە؟ سەعات > 6، ڕۆیشتین. سەعات 7، لامان دایە سەر کانییەکی سازگار چونکە یەکێکمان لە سواری ئەسپ بەربووە، بەڵام باش بوو، سەلامەت بوو. تا سەعات 9، لەوێ ماینەوە.

نیوەڕۆ، لامان دایە باخێکو لە دەم ڕووبارێك خستمان پێیدەڵێن (هەواری جابری). ≤ سەعات لەوێ ماینەوەو سەعات 3، گەیشتینە (دیار بەکر). چادرمان لە باخێك هەڵدا پێیدەگوترێ (باڵی باعچە) لە (تاخی کول)، یانی لای دەرگای ڕوم کە یەکێکە لە چوار دەرگاکەی

شار. ماوەی ئەم سەفەرەمان لە (قەرە باعچە)وە تا (دیاربەکر) نۆ سەعات‌و دە خولەك ڕێ بوو.

ڕۆژی پاشی، واتە چوارشەممەی 1ی تشرینی یەکەم، جەنابی (خواجە ئۆنۆری)[شمر]، (یونس)ی برادەری دێرینمان هاتە دیدەنیمان. کاتی خۆی، پێش بیست‌و دوو ساڵ ماوەیەك، بە یەکەوە لە کونسولی فڕەنسی، لە (دیمەشق)، دیلماج بووین. ئێستا نوێنەری کونسولی فڕەنسییە لە (دیاربەکر). بە دیداری یەك شاد بووین. خولقی کردین بچینە ماڵی‌و میوانی بین. چووینە ماڵەکەی لە دەرەوەی شار. بیست خولەك دوور بوو. شوێنەکەی بەرزو دیمەنەکەی جوان بوو. بەسەر ئاقاری شاریدا دەڕوانێ کە پڕ بوو لە مێرگ‌و باخ‌و شینایی. ئاوی دیجلەیان دەهاتەوە سەر کە جگە لەمانە ڕووەك‌و شیناییەکانیشی بە ئاوی سازگاری خۆی ئاو دەدا، دەورەی ماڵەکەی دەدا وەك ئەوەی بیەوێ بیپارێزێ. شاری (دیاربەکر) لە کۆن پێدەگوترا (ئامەد)[مر]. شوێنەکەی بەرزە. زۆربەی بیناکانی بەردی ڕەشە. بە شوورەیەکی مکووم دەورە دراوە. شوورەکە تا ئێستا ماوە. شتی وا لە وڵاتانی تر کەمە. ئەوەی دێتە ئەو شارە، لە دوورەوە، وەکوو قەڵایەکی دەبینێ. هەندێ لای شوورەکە، نووسینی بە خەتی کووفی ڕۆژگاری خەلیفەکانی عەباسی لەسەرە.

که چووینه ماڵی جەنابی خواجەی ناوبراو، بیرمان لە پەیدا کردنی کەڵەکێك کردەوە. کەڵەك وشەیەکی فارسییە. بۆ ئەوەی بە دیجلەدا سەفەر بکەین. زانیارییەکی باشمان لەم بارەیەوە لێ وەرگرت. بۆمان دەرکەوت لەبەر ئەوەی ئەم ساڵ ئاوی رووبار کەمە، لە باتی یەك کەڵەك، دوو کەڵەکی بچووك دروست بکەین باشترە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بڕوا. لەم بارەیەوە لەگەڵیا رێکەوتین، بە مەرجێ زوو تەواوی بکەن. هەر ئەوەندە بمانگەیەننە (مووسڵ)، نەك (بەغدا) چونکە دەمانزانی خەڵکی (مووسڵ) لە خەڵکی (دیاربەکر) زیاتر شارەزای رەوتی رووبارەکەن لە شارەکەیانەوە بۆ (بەغدا).

## لە چاوەڕوانی کەڵەکدا

بەم جۆرە، شەش رۆژمان لە چاوەڕوانی کەڵەکدا لە (دیاربەکر) بەسەر برد. حەز دەکەم نەختێ باسی کەڵەك بکەم چونکە لە زۆر لا باو نییە، بەڵام لە (عیراق)دا، لە کۆنەوە بەکار هاتووە. (هیرۆدۆت)ی باوکی مێژوو کە ساڵی 484ی پ.ز. لە دایك بووە، لە گەشتەکەیدا بۆ وڵاتی بابل، باسی کردووە.

دەڵێن: کەڵەك کەشتییەکە لە کۆمەڵێ کوندە دروست دەکرێ. کوندەکان تا نیوە پڕ با دەکرێن. ئینجا توند لە یەك دەبەسرێن و وەکوو روویەکی راستیان لێ دێ. زارکی کوندەکان روو لە لای سەرەوە دەبێ. ئەوسا بۆ پاراستنی شێی لای سەرەوە، کە ناکەوێتە بن ئاو، گیای سەوزی لەسەر فەرش دەکەن. لەسەر گیاکەیش، داری جۆراو جۆر ریز دەدەن کە دەیانەوێ، بە کرێ، لە جێگایەکەوە بیانگوازنەوە جێگایەکی دیکە. لەسەر ئەو دارانەو لە ناوەراستەوە، سەیوانێك دروست دەکەن، رێبوارەکان لە کاتی گەرمادا، دەچنە بەر سێبەری و کەلو پەلو بارەکانیش لە دەوری سەیوانەکە دادەنێن. سەوڵو دەریاوانەکان لە پێشەوەو لە پاشەوەن. بە وای ئەم سەولانە و بە وای تەوژمی ئاوەوە، کەڵەکەکە بۆ شوێنی مەبەست داژۆن. لە رێگادا، کە دونیا گەرم دادێ، هەر سەعاتێك، یان نیو سەعات، جارێك، دەوەستن و ئاو لە کوندەکان دەرشێنن نەوەك شەق ببەن و بایان بەتاڵ بێ. ئەگەر کوندەیەك بای نەمێنێ، کەڵەکوانێك قامیشێك دێنێ و زارکی کوندەکە دەکاتەوەو قەمیشەکە لە زاکی کوندەکە رادەکاو دووبارە پڕ بای دەکاتەوە. ئینجا وەکوو جاران دەیبەستێتەوە. ئەم بەلەمانە بەم تەرحە دروست دەکرێن. کەڵەك هەیە لە سەد کوندە دروست دەکرێ، هەیە

له هەزار کوندە، بە پێی ئارەزووی خاوەنەکەیو بە گوێرەی ئاوی رووبارەکە. بەم جۆرە باری گرانی لێ بار دەکەنو بۆ گواستنەوەی کەلو پەلو رەوانە کردنی بۆ لایەنەکانی دەم رووبارەکە، بە کاری دێن.

بەش بە حاڵی ئەو دوو کەڵەکەیش کە بۆ ئێمە دروست کرابوون، لەبەر ئەوەی ئاو کەم بوو، هەر یەکە لە سەدو پەنجا کوندە دروست کرابوو. سەیوانەکە کۆڵەگەکانی دار بوو، سەرەوەو هەموو لایەکانی بە لبادو مشەمما گیرابوو. لە دوو لاوە، دوو دەرگای هەبوو. کەڵەکوانەکان کورد بوون.

بەر لەوەی دەست بە گێڕانەوەی باسی سەفەرەکەمان بە کەڵەك بکەین، پێویستە خوێنەر ئاگادار بکەینەوە ئەو ماوانەی نێوان شوێنەکان کە لە سەفەری کەڵەك باس کراون لە (دیاربەکر)ەوە بۆ بەغدا، جێی متمانە نین. نابێ رێبوار وەکوو شتی راستەقینە پشتیان پێ ببەستێ. ـ جیاوازییەکی زۆر هەیە. ئەویش پەیوەندی بە ئاوەکەوە هەیە.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر باسی سەفەرەکەو دەڵێین:

ئێوارەی یەکشەممەی ڕێکەوتی 5ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873ز، ڕۆژێك بەر لە سەفەرەکەمان، بوو بە برووسکەو هەورەتریشقە. ئاوو هەوا گۆڕاو تا بەیانی باران باری. ترساین پەکمان بکەوێ.

## گەشتی ناو ڕووبار

**دووشەممە، 6ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873**

هەوری هەڵبرینگاندو هەوای خۆش کرد. لای نیوەڕۆ، خۆمان بۆ سەفەر ئامادە کرد. دوو کەڵەکەیان دابەزاندە ناو ڕووبارو بارو کەلو پەلەکانیان بار کرد. ئیمەیش ڕوومان کردە کەناری ڕووبار. (خواجە یوونس)و خانمی خێزانی تا کەنار لەگەڵمان هاتن‌و بەڕێیان کردین. ئیمەیش سوپاسمان کردن بۆ میوانداری‌و بەخێرهێنانی گەرم‌و گوڕیان. پشتمان بە خوا بەست‌و سەعات > 5 ی پشتی نیوەڕۆ، واتە نیو سەعات دوای ڕۆژ ئاوا، سواری کەڵەك بووین. دوای چەند خولەکێك، بە ژێر پردێکدا تێپەڕین لەسەر کۆمەڵە کلێك وەستا بوو. دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، کوندەکان لە بنی ڕووباریان دا. لەبەر بای ناویان وەك هەورەتریشقە دەنگیان دەهات. کەڵەکوانان دابەزین.

هەندێ لە دواوە پاڵیان داو برێ لە پێشەوە رایانکێشا تا وەکوو جاران کەوتەوە سەر ئاوو رۆیشت.

ڕووبار بە ناو دۆڵێکدا دەڕۆیشت زۆر قووڵ نەبوو. شینایی سەر هەردووکەنار بە زۆری زەبەش‌و کاڵەك بوو کە پێیدەڵێن: قاوون. ئەو کاڵەکانە زۆر گەورە بوون. سوێندیان دەخوارد، جاری وا بووە بە دوو گندۆرە باری وڵاغێك بووە.

سەعات ،6، مانگ هەڵات. سەفەرەکەمان زۆر خۆش بوو. دوای دوو سەعات، بە لای گوندی (شاروخیە)دا تێپەڕین، سەعات ،،8 بە تەك گوندی (حاجی عیسا)دا رەت بووین کە دەکەوێتە دەستە چەپی رووبار. ئەو شەوە بەزم‌و شایلۆغان بوو لەوێ . دەنگی دۆڵ‌و زوڕنا دەهات‌و لەبەر تریفەی مانگەشەو، خەڵکمان لەسەر کەناری رووبار دەدی. سەعات 9، لە شوێنێکی چۆل لەنگەرمان گرت.

<u>سێشەمە، 7ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873</u>

سەعات 5، بەیانییەکی سارد بوو، بە رێ کەوتین. شەویش زۆرمان سەرما بوو. سەرما تا نیوەڕۆ بەردەوام بوو. بەڵام پێخەفمان باش بوو و چادرەکە هەمووی بە لباد داپۆشرا بوو. هەرچەندە ئەو کەڵەکەی

لەگەڵمان بوو، جارێ لێمان نزیك دەكەوتەوەو تاوێ دوور دەكەوتەوە.، بە یارمەتی خوا ڕۆیشتنەكەمان خۆش بوو. ناو بە ناو بیستانی شووتیو گندۆرەمان لە هەردوو كەنار دەبینی. وشەی توركییان بۆ گندۆرە بە كار دەهێنا. پێیاندەگوت: قاوون. زۆر جار كەری پەزو بزنەگەلان دەدی. هەندێ لەسەر كەنار بوونو هەندێ بۆ ئاو خواردنەوە، لە چیا دەهاتنە خوارێ. هەروەسا زۆر گاڕانە چێرو گامیشیشمان بینی.

نیو سەعات دوای نیوەڕۆ، بەرامبەر گوندێك، لە كەڵەك دابەزین پێیدەڵێن: (ئەرزی ئۆغلی). بە پێ دەڕۆیشتینو هەمیشە كەڵەكەمان بەرامبەر بوو. دوای ئەوەی > سەعات ڕۆیشتین، لەبەر گەرمای خۆر، بڕیارمان دا چیدی بە پێ نەڕۆین. سەعات 3ی دوای نیوەڕۆ، گوندی (دەولی)مان لە لای دەستەچەپ بوو و سەعات 4، گوندی (هولان) لەسەر كەناری ڕووبار، لە دەستە چەپمان بوو. لە كەڵەكوانانو ئەو پاسەوانانەی لەگەڵماندا بوون، زانین ئەو گوندە بە سواری وڵاغو بە كەڵەك لە پێنج سەعاتە ڕێ زیاتر لە (دیاربەكر) دوور نییە. لەبەر ئەوەی ئاو زۆر بوو. سەعات 6، لە جێگایەكی چۆل لەنگەرمان گرت.

## چوارشەممە، 8ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873

سەعات چواری دوای نیوەشەو، بە ڕێ کەوتین. سەعات -8، بە لای گوندی (کۆسەل)دا تێپەڕین. ئەم گوندە دەکەوێتە دەستە ڕاستی ڕووبار. نیو سەعات پێش نیوەڕۆ، گوندی (بەسمەل) لە دەستە چەپمان بوو. گامێشێکی زۆرمان لەوێ بینی. دوای کەمێ، گوندی (تازە کولی) لە نزیك ڕووبار، لە دەستەڕاستمان بوو. سەعات 3، گوندی (کورکچی) مان بینیو سەعات 4، بە لای گوندی (بوجەلی)دا تێپەڕینو سەعات 6، لە نزیك گوندی (زەریف) لەنگەرمان گرت.

## پێنجشەممە، 9ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873

سەعات -3، دوای نیوەشەو، لەبەر تریفەی مانگ کەوتینە ڕێ. سەعات ≤ 7 ، بە لای گوندی (جەرف)دا ڕەت بووینو سەعات <8، بە تەك گوندی (سەلت)و سەعات 9 > ، بە تەنیشت گوندی (تەعشام)و سەعات ،،10، بە لای گوندی (کۆپری)دا تێپەڕین. لەم گوندەو لە گوندی پێش ئەمەیشدا، ژنان دین بە ڕووتو قووتی خۆیان لە ڕووبار دەشووشت.

سەعات 11، گوندی (ئەنجولی)مان دیو سەعاتێك پشتی نیوەڕۆ، گوندی (زیوی)مان دی. لە خوار ئەم گوندەدا، رووبارێك لە دیجلە دەكاتەوە پێیدەگوترێ (باتمان سولی). بە ناوی گوندێك پێیدەگوترێ (باتمان)و نەختێ لە رووبار دوورە. سەعات 2، گوندی (بیدیان) لە دەستە چەپمان بوو. سەعات 3، گوندی (مەردان) لە راستەمان بوو. سەعات 4، گوندی (فووراوا). سەعات 6، لە دۆڵێكی خوارەوەی ئەوێ، بۆ خەوتن لەنگەرمان گرت. زۆربەی رێگای ئەو رۆژەمان بەناو چیاو دۆڵ نهاڵاندا بوو. زانیمان هەموو رێگاكەمان، تا (جزیرەی ئیبن عومەر)[عز]، بەم جۆرەیە.

كە لەنگەرمان گرت، چوار كەڵەكوانەكە وەكوو رەوشتی خۆیان دابەزین. ئەمانە لە هەر كوێ بێ، كەڵەكەكەیان دەبەستەوەو دادەبەزنو دار خڕ دەكەنەوەو ئاگر دەكەنەوەو لەبەر ئاگر دەخەون.

ئەو شەوە، كە دابەزین بۆ سەر وشكاتی، شێویان دانێ. كە شێویان خوارد، ئێمە چووینە لایانو لەگەڵیان، لەبەر ئاگر دانیشتین. كە مانگ هەڵات، ویستیان بە رێ بكەوین. سەیرمان پێ هات. چونكە هێشتا تەواو نەحەسابوونەوە، كە هۆی ئەم پەلەكردنەمان لێ پرسین، یەكێكیان، كە لە هەموویان بە غیرەتتر بوو ناوی (حوسێن) بوو، وەڵامی دایەوە:

ئێوه، پاش ئەوەی پلاوو لەخن، واته برنجو گۆشتتان دەرخوارد داین ، هێزو گورِمان هاتەوه بەرو ئەگەر بەیانیش بەشمان وا بێ، بەهێز دەبین‌و چالاکتر دەبین. وەلاممان دایەوه: ئەمه هۆی راستەقینه نییه چونکه ئێوه هەموو رۆژێ خواردنتان وەکوو خواردنی ئەمرۆ بووه. بێدەنگ بوو. بەلام ئێمه هۆکەمان دەزانی. ئێمه کاتی خۆی لەگەلٚیان رێککەوتین به 12 رۆژ بمانگەیەننه (مووسل)و بەلێنمان دا چەند رۆژ زووتر بمانگەیەنن، هەر رۆژەو 100 قرۆش پاداشیان دەدەینێ.

پشتمان به خوا بەست، راکشاین‌و خەوتین. ئینجا دوو سەعات‌و نیو پێش نیوەشەو، به رێ کەوتین.

## هەینی، 10 تشرینی یەکەمی سالٚی 1873

سەعات ،6، به دەنگی ئەو دیقلانەی پێمان بوون له خەو به خەبەر هاتین. کەلەك هێشتا هەر دەرِۆیشت. دەرگای چادرمان کردەوه، گوندی (شکەوته) له دەستەچەپمان بوو. زۆربەی خانووەکان له شاخ هەلکۆلرابوون. هیچیان تێ نەدەچوو تەنیا ئەوه نەبێ دەرگایان بۆ بکەن.

# حسن کیفا

دوای چەند خولەکێك، بە لای چەندماڵێکی کەمدا تێپەڕین، ئەوانیش لە شاخ هەڵکۆڵرابوون، سەر بە گوندەکەی پێشوو بوون. سەعات 8، گوندی (زاغورە) لە دەستە چەپمان بوو. سەعات > 9 ، گوندی (زوهری). سەعات ،،10، گوندێکی گەورەمان دی لە ترۆپکی چیاوە داکشابووە خوارێ بۆ کەناری رووبار پێی دەگوترێ (حسن کیف)[*]. هەردوو کەڵەکمان راگرتو لامان دایە گوندەکە. بە ناو کۆڵانو بازارە بەرزو نزمەکانیدا سووڕاینەوە. دیمان زۆربەی ماڵو دوکانەکان لە شاخ دەرهێنراون. قەڵایەکی رووخاوی لە لای سەرەوەیە تەنیا دەرگاکانی ماون. لە دەرگای یەکەمو ئینجا لە دەرگای دووەم چووینە ژوورەوە. هەردووکیان ئاسن بوون. نووسینێکی عەرەبیمان لەسەر دەرگای دووەم بینی دەڵێ: (سلێمانی کوڕی غازی) فەرمانی بە دروست کردنی ئەم بینایە کرد. بەڵام مێژووی لەسەر نییە. لەوانەیە ئەم سلێمانە هی دەولەتی (بەنی ئورتەقی)ی پاشاکانی (ماردین)و (دیاربەکر) بێ، یان لەوانەیە سەلجووقی بێ.

ئینجا گەیشتینە دەرگای سێیەم. نووسینی کووفی چوارگۆشەییمان لەسەر لاتەنیشتەکانی بینی. بریتی بوو لە هەردوو شەهادە: (اشهد الا إله الا الله، اشهد ان محمدا رسول الله.) کە لە قەڵاکە هاتینەخوارێ، چووینە ناو مزگەوتێکی کۆنی رووخاو تەنیا چەند پردێکی مابوو. کردبوویان بە گۆڕستان . منارەیەکی زۆر جوانی تێدا بوو ، خراپ نەڕووخابوو نەخش‌و نووسینی عەرەبی تا بلێی وردی لەسەر بوو. دوو پلیکانەی بۆ سەرەوە تێدا بوو. هەر یەکە 38 پلە بوو. لە هەر یەکە لە دوو لای رووبارەکە، کۆڵەگەو بورجێکی خڕی لێ بوو. ئێمە لە ناو کەڵەکەمانەوە، وێنەی کۆنمان لە سەر بنکەی هەر یەکە لە کۆڵەگەکان بینی. وێنەکان هەڵکۆڵرابوون. گومانی تێدا نییە ئەم کۆڵەگانە لە زەمانی کۆن پردێکی مەزنیان بە سەرەوە بووە.

خەڵکی گوندەکە بە عەرەبی قسە دەکەن‌و عەرەبیشن. ئینجا لە دەستەچەپی رووبارو بەرامبەر گوندەکە، گومەزێکی کۆنمان بینی نەخشی زۆر جوانی رەنگاو رەنگی لەسەر بوو. کاتمان نەبوو بە کەڵەک بچین بە پێی ببینین. چونکە شوێنێکی سەخت‌و عاسێمان لە پێش بوو، کەڵەکوانەکان حەزیان دەکرد پەلە بکەن بۆ ئەوەی بەر لەوەی شەودا بێ، بیبڕن. سەعات 1ی دوای نیوەڕۆ ڕۆیشتین‌و سەعات 4، گوندی

(کەفەر عەلبا)مان بینی‌و سەعات 6، لە لای دەستە راستی رووبار، لە قونتاری چیایەك لەنگەرمان گرت، کەمێ دارو درەختی لێ بوو. کەڵەکوانان پێیانگوتین گوندی (دێرهار) لە پشت ئەو چیایەیە. پەلەمان لە وەستان کرد چونکە هەندێ کوندەی کەڵەکەکەی تر بایان بەتاڵ ببوو، پێویستیان بە چاکردنەوە بوو.

## شەمە، 11ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873

نیوەشەو، بە رێ کەوتین. سەعات 7، گەیشتینە لای گوندی (بیلککا) کەوتبووە دەستەچەپمان. زۆربەی خانووەکانی ئەشکەوت بوون‌و لە شاخ هەڵکۆڵرابوون. لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بە شەو رۆیشتین، بە کۆمەڵە گوندێکدا تێپەڕین بەڵام نەمانبینین. بۆیە ناتوانین ناوەکانیان بنووسین. ئەمەیش بۆ زانینی قۆناغەکانی رێگا ئەوەندە گرنگ نییە.

سەعات 9، گوندی (هوت)مان بینی‌و سەعات 10، گوندی (تلا)مان دی لە سەر گردێك بوو. رووبارێك لە خوارەوەی هەبوو پێیدەڵێن (ئەبوتان)، لە دیجلەی دەکردەوە. سەعات >11، گەیشتینە لای گوندی (موبل)و ماوەی نیو سەعات لە بەرامبەر ئەم گوندە ماینەوە چاوەڕێی کەڵەکەکەی ترمان کرد کە دوا کەوتبوو. ئینجا رۆیشتین.

سەعات 3ی دوای نیوەڕۆ، گوندی (جیلاکا) لە دەستەراستمان بوو. لەوێ، تاقمە ژنێکمان لەسەر کەنار بینی خۆیان دەشووشت. رووت‌و قووت بوون. دیارە ئەم خەڵکە لە هۆڤێتی گەیشتوونەتە پلەیەك جلی شارستانییان فڕێ داوە. وامان دەزانی لە وڵاتی بەربەرین‌و ئەوانە بە رووتی دەژین.

## کورد گۆرانی دەڵێن

سەعات 4، گوندی (هازاخ)مان لەسەر گوپیتکی چیا بینی. ئەمە گوندێکی بە رەزو باخە. سەعات >3، رووبارێکی بچووکمان بینی لە دیجلەی دەکردەوە. ناومان نەزانی. سەعات –5، کە لە دۆڵێکی خۆش بووین، لە لای دەستە راستم، گوندێکمان لەسەر ترۆپکی چیایەك بینی. ناوی گوندەکەمان لە هەندێ شوانی دەشتێ پرسی، زانیمان گوندەکە ناوی (نیال)ە. سەعات 6، گوندی (خەستە)مان لەسەر تۆقەڵەی چیایەك بینی. دوای چەند خولەکێك، لە شوێنێکی چۆل لەنگەرمان گرت. سێ کەڵەکمان لە نزیك بوو. کۆمەڵە کوردێکیان لەگەڵدا بوو، دەچوونە (جزیرەی ئیبن عومەر). پاش ئەوەی خواردنمان خوارد، هاتنە بەرامبەر کەڵەکی ئێمەو دەستیان بە گۆرانی‌و سەماو هەڵپەرکێ‌و

تەنبوور لێدان کرد. بەزمەکەیان سروشتی بوو، هیچ زۆر لەخۆکردنی تێدا نەبوو. دوو سەعات لای ئێمە رایانبواردو جێیان هێشتین. ئێمەیش هەڵاژاین.

## یەکشەممە، 12 تشرینی یەکەمی ساڵی 1873

سەعات 1ی دوای نیوەشەو، لە دەنگی ترپەی باران بە ئاگا هاتین بە مشەممای چادرەکەمان دەکەوت. هەندێ لەوانەمان هەستاندن کە لەگەڵمان بوون بۆ ئەوەی سندووقەکانی دەوروبەری چادرەکە داپۆشن. ئینجا سەعات >5ی دوای نیوەشەو، رۆیشتین، سبەینەیەکی زۆر خۆش بوو. لە هەردوو کەناری رووبار، لە نزیکەوە، جۆگا بەسەر وردە چەوی وەك بلووردا دەهاتە خوارێ‌و بە خورە خورێکی خۆش لە رووباری دەکردەوە. بەڵام ئەم دیمەنە خۆشە لە نیو سەعات زیاتر دەوامی نەکرد.

سەعات >9، رووبارێکمان بینی لە چیا دەردەبوو و لە دیجلەی دەکردەوە، ناوی (هەربەست حولی) بوو و رووبارێکی دی ناوی (کالی) بوو. سەعات 4، کاتێ راکشابووین، کەڵەکوانان ناچار بوون لەبەر بای پێچەوانە لەنگەر بگرن. بەڵام لە جێگایەکی بە چەقەنە بەرد

لەنگەریان گرت، بۆ گەڕان نەدەشیا. لەبەر ئەوەی لە دانیشتن وەرس ببووین، حەفت رۆژ بوو لە ناو چادرێکدا بووین دوو مەترو نیو درێژ، بە مەترو نیویك پان زیاتر نەبوو، داوامان لێ کردن لەوێ بڕۆنو لە شوێنێکی تر لەنگەر بگرن سەوزایی لێ بوو. ئێمەیان گەیاندە ئەوێ . دابەزینە سەر وشکاتی . مێرگی سەوزو پەمۆی جرو بیستانی کاڵەکمان بینی. کاڵەك هێشتا نەگەیی بوو. گەنجێکی کوردمان بینی. سڵاومان لێکرد. سەلامی لێ وەرگرتینەوە. لێمان پرسی داخۆ ئاواییەکەیان دوورە؟ وەلامی دایە لە پشت چیایە. داخی دەربڕی کە گندۆرە نەگەییوە تا بماندات. سوپاسمان کرد بۆ ئەو هەستەیو لە ڕێی چەند پاسەوانێك پرسیارمان لێکرد چونکە تەنیا کوردی دەزانی: لێرەوە تا (جزیرە) چەند سەعاتە؟ بەسەزمان لە ڕێگای دیلماجەوە وەلامی دایەوە نازانێ سەعات چییە. ئینجا پرسی چەند رەتڵ دەکاتە سەعاتێك. خوا حافیزیمان لێکردو رۆیشتین. دوای نەختێ، بە دووماندا هات، دوو کاڵەکی پێ بوو، تکای لێکردین لێی وەربگرین. وەرمان گرتو سوپاسمان کرد.

سەعات 6، دوای ئەوەی ماوەیەك بەوای بای پێچەوانە دواکەوتین، لەوێ رۆیشتینو سەعات 7، لەنگەرمان گرت چونکە کەڵەکوانان

وایان حەز دەکرد لەبەر ئەوەی وەکوو گوتیان کەنداوێکی بەردین لە رووبارەکە هەیە دەترسن بە تاریکی پێیدا بچن.

## جزیرەی ئیبن عومەر

**دوو شەممە، 13ی تشرینی یەکەمی 1873**

سەعاتێك دوای نیوەشەو، بە ڕێ کەوتین. سەعات >3، گەیشتینە (جزیرە) کە بە (جزیرەی ئیبن عومەر) ناسراوە. لای پردێکی دار وەستاین بە رووبارەوە راهێلرابوو. تا بەیانی لەوێ ماینەوە. بەیانی پردەکەیان بۆ کردینەوەو پەڕینەوە. کەڵەکوانان دەستیان بە چاکردنەوەو توند کردنەوەی دوو کەڵەکەکە کرد. ئێمەیش چووینە ناو شار. لە نزیك دوو کەڵەکەکەی خۆمان هێمی پردێکی بەردی پتەوی کۆنمان بینی، تەنیا یەك تاقی مابوو. شار، هەمووی کاول ببوو تەنیا لایەکی مابوو. شایەنی ئەوە نەبوو پێی بگوترێ شار، بەڵکو شایەنی ئەوە بوو پێی بگوترێ گوند. ئەمە (جزیرەی ئیبن عومەر) بوو کە لە مێژوودا بەناوبانگە.

کە زانیمان هەندێ پارەی کۆنی کووفی هەیە، لە فرۆشیارەکەمان پرسی. رابەرەکە بردنییە ماڵی ژنێك. هەندێ پارەی لابوو لێمان کڕی. کە خواحافیزیمان لێکرد گوتی: ( بەخێر هاتی سەر چاڤا) ئەمە لای ئەوان وەکوو بە خێرچیت وایە.

ئینجا گەڕاینەوە لای دوو کەڵەکەکە. کە تەواو چاك کرانەوە، لیو سەعات دوای نیوەڕۆ، بە ڕێ کەوتین. سەعات ،، پردێکی رووخاومان بینی تەنیا یەك تاقی مابوو. لەسەر کۆڵەگەیەکی خڕ وەستابوو. تاقەکەی وێنەی کۆنی لەسەر بوو. دیارە ئەم پردە زۆر مکووم بووە.

سەعات 3، گوندی (محەمەدییە)مان بینی‌و دوای ئەوە بە نیو سەعات، چەند مێگەلە مەڕو بزنەگەلێکمان لە سەر کەنار بینی، وەستاین بۆ ئەوەی مامەڵەی سەر مەڕێك بەین. دە کەس، منداڵو گەنج، بۆمان هاتن، تەواو رووت‌و قووت بوون. شتەکەیشیان بە لایەوە ئاسایی بوو. جەندرمەمان نارد بۆ ئەوەی دەریان بکەن. یەکێ لەو هۆڤیالە گەنجێکی کەڵەگەت بوو، گوێی بە هاوارو تەنانەت بە بەرد تێگرتنی جەندرمەکان نەدا . ئاخیری بە کاوەخۆ ڕۆیشت وەك ئەوەی نەزانێ جەندرمە بۆچی بەم جۆرە لەگەڵیا جوولایەوە. پاکی‌و گەورەیی هەر بۆ خوا باشە کە ئەوانەی پشت گوێ خستووە تا ئەو رادەیە کێوی‌و بێ ئەدەب بن.

سەعات 5، گوندی (روانی)مان بینی، رووبارێك لە تەك گوندەکە بوو لە دیجلەی دەکردەوە. پێیدەگوترێ (مردش). سەعات 6، گوندی (جقارە)مان بینی‌و سەعات 7، لەبەر دەم گوندی (روباهی) لەنگەرمان گرت.

کاتێ لە (جزیرە) بووین، زانیمان دزی کۆچەرو هی ترمان لەسەر رێگا هەن بۆ (مووسڵ). ئاو دەبڕن‌و بۆ دزی دێنە سەر کەڵەك. سەرۆکی ئەو جەندرمانەمان ئاگادار کردەوە کە لەگەڵمان بوو بۆ ئەوەی هاورێکانی تێبگەیەنێ پاش نان خواردن بخەون‌و ئێمە ئێشك بگرین. ئەوسا ئێمە بە ئاگایان بێنین بۆ ئەوەی تا

مانگ هەڵدێ، پاسەوانی بکەن. ئەوسا کەڵەکوانان بە خەبەر بێنن‌و بڕۆین. وامان کرد.

# زاخۆو سەمانکا

**سێشەممە، 14ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873**

سەعات سێی دوای نیوەشەو، ماڵاواییمان لە (روباهی) کردو سەعات <3، گوندی (قەرەخراب)مان بینی‌و سەعات 4، گوندی (ریحانی)مان دی. کانزایەکی گرنگی رەژووی بەردی لێ بوو. یەك رەتلی (رەتڵ شەش هۆقەیە) بە پەنجا پارە دەدەن. لەبەر تریفەی مانگدا، ئەندازەیەکی زۆرمان لێ دی. بۆیان باس کردین ئەمە دەبەنە (بەغدا)و (ئەستەمبۆڵ).

سەعات ≤ 4، گوندی (زوهێری)مان بینی‌و دوای ئەوە گوندی (قەراوراس)و لە نزیك ئەویشەوە، گوندی (باسوورین)و ئینجا گوندی (سۆفی سالم). سەعات ،،6، گوندی (مەغارە)و دوای ئەوە بە پێنج خولەك، رووباری (خابوور)مان لای دەستە چەپ بینی. لە دیجلەی دەکردەوە. دەیانگوت بەر لەوەی بگاتە ئەوێ، بە هنداو شارۆچکەی زاخۆدا تێدەپەڕێ. سەعات 7، گوندی (سە مانکا)مان دی. بە کوردی یالی سێ گوند**.سەعات 8، گوندی (بیتابور)مان دی لەسەر گردێك بوو. زانیمان دانیشتوانی خرِ دیانن. گوندێکی گەورەیە، دوو سەد ماڵ زیاترە.

کلێسەیەکی لە تەنیشتە، کەوتۆتە سەر رووبار. کەڵەکەکەمان لەنگەری گرت. یەکێ لە جەندرمەکان چوو شتی پێویست بکڕێ‌و ئێمەیش بۆ سەیرکردنی. شار چووین. دیتمان ئاوو باخاتی زۆرە.

ئینجا سەعات 9، رۆیشتین‌و بە گوندی (شیلیسکی)و گوندی (باجد)دا تێپەڕین. سەعات >2، گوندی (تاغلوجە)مان لەسەر چیا، لە نزیك روبار، بینی. سەعات >6، لە شوێنێکی چۆڵ لەنگرمان گرت. پێیان گوتین هەندێ کۆچەری هۆزی شەممەر هەن، بە شەو دزی دەکەن. وەکوو شەوی پێشوو، خۆمان ئامادە کردو پشتمان بە خوا بەست.

## چوارشەممە، 15ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873

سەعات 1ی دوای نیوەشەو، رۆیشتین‌و سەعات 9، کلاوەی گوندێکمان بینی ئاوەدانی تێدا نەبوو، پێیان دەگوت: (باشای). نیوەڕۆیش گوندی (قانق)مان بینی لە سەر گردێك بوو. زانیمان خەڵکەکەی ئێزدین. دەوری سەعاتێك بەرامبەر ئەو گوندە لامان داو ئینجا رۆیشتین. سەعات 3، گوندی (رەبان)مان بینی‌و زانیمان گوندێك لای دەستەچەپمان، لەسەر چیا، هەیە پێی دەگوترێ (شەمراشت). سەعات >3، گوندی (مەلحیە) لە دەستە چەپمان بوو. خەڵکەکەی عەرەب بوون. سەعات >5، لە نزیك گوندێك لەنگرمان گرت ناوی (فینا) بوو. خەڵکەکەی عەرەبی (عوبێد)[**] بوون. دابەزینە سەر وشکاتی‌و لەگەڵ هەندێ کەس دانیشتین خەریکی شینایی بوون لەسەر کەنار. هەندێ گندۆرەو ئاروومان لێ کرین. ئینجا یەکێ لە جەندرمەکانی هاوڕێمان لە دوورەوە، مەزارێکی لەسەر

چیای پێشەوەمان، لە کەنارەکەی ئەوبەر نیشان داین. پێی دەگوترێ مەزاری (شێخ بیلالی حەبەشی). هەندێ وەرزێر بۆیان باس کردین ئەو شێخە کەرامەتی زۆرە. یەکێ لە کەرامەتەکانی ئەوەیە هەموو ساڵێ لە سەرەتای مانگی رەمەزاندا، دەنگی تۆپێك لە مەزارەکەیەوە دێ مزگینی هاتنی مانگی رۆژووە. یەکێ گوتی هەموو رۆژی رەمەزان تۆپێك دەهاویشترێو هەموو خەڵکی گوندەکانی ئەو دەروبەرە گوێیان لێ دەبێ. یەکێ لە ئامادەبووان، کە بڕوای لەوان بێ تۆقتر بوو، وەڵامی دایەوە: ئەوەی گوێیان لێ دەبێ زایەڵەی دەنگی تۆپی (مووسڵ)ە لە چیاکان دەنگ دەداتەوەو دەگاتە ئێرە.

ئینجا مۆجیزەیەکی دیکەیان لێ گێڕایەوە. ئەویش ئەمەیە: رۆژێ یەکێ لە خەڵکی ئەو دەورووبەرە دەچێ بۆ ئەوەی دارێك لە نزیك مەزارەکە ببڕێتەوە. هەر هێندە تەور لە قەدی درەختەکە دەدا، خوێن فیچقە دەکاو بە دەموچاویدا دەپرژێ. کابرا تێکدەچێ. مووچڕکی پێدا دێتو ناگاتەوە ماڵێ تەواو دەبێ.

## پێنجشەممە، 16ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873

سەعات 4ی دوای نیوەشەو، لە (تەل فینا) رۆیشتینو بەیانی زانیمان ئێمە بە (دێر حال وەقرە)دا تێپەڕیوینو سەعات -8، گوندی (باب نیت)مان بینی . خەڵکی گوندەکە قزل باشن. سەعات ،،8، گەیشتینە گوندی (کەرهول). ئەمە گوندێکی گەورەیە. سەعات 10، گەیشتنە گوندێك پێی دەگوترێ (تریفەی مالگ).

سەعات 11، هەندێ ژنە عەرەبمان لەسەر کەناری دەستەچەپ بینیو زانیمان گوندێك لە پشت گردەکە هەیە پێیدەگوترێ (زرار). ئینجا گوندی (سبهله)مان بینی. سەعات ≤ گوندی (حەسونە)مان بینیو سەعات 3، گوندی (وانق)مان دی کە خەڵکەکەی عەرەبن. قەڵایەك لە بەرەکەی تر، لە بەرامبەر گوند، هەیە دەڵێن ئەمە (مووسلی) کۆن بووە. بە شوێنەکە دەڵێن (ئەسکی مووسڵ). سەعات >4، گوندی (دێر)مان بینیو سەعات 7، بەرامبەر گوندێك لەنگرمان گرت پێی دەگوترێ (مسرەك).

## هەینی، 17ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873

سەعات >3ی دوای نیوەشەو، لە (مسرك) رۆیشتینو سەعات -6، گوندی (خۆجە خەلیل)مان بینیو سەعات ،،6، بینایەکی نوێمان لەسەر کەناری رووبار دی، تەنیشتەکانی وەکوو پەنجەرە شەقیان بردبوو. ناعورر بوو بۆ هەڵێنجانی ئاوو ئاودانی زەویو زار. سەعات> 7، گوندی (کەرنا جوك)مان بینیو سەعات 8، گوندی (بارول)و کەمی دوای ئەوە گوندی (شێخ محەمەد)و سەعات ،،8، گوندی (حمێدات)مان بینیو لەوێ رانەمەڕو بزنەگەلمان بینین ئاویان دەخواردەوە. گەڵێ گەڵێ زۆر بوون. ئەو هەمووکەنارەیان داگرتبوو. شوانیان عەرەب بوون. سەعات 10، گوندی (قەرەقون)مان بینی. ئەمە گوندێکی گەورەیەو خانووەکانی لەوالی دی جوانترە. سەعات 11، گوندی (تریشە)و سەعات >11، گوندی (رەشیدییە)مان بینی. چارەکە سەعاتێك دوای نیوەڕۆ، گوندی (قازی کۆی)مان

بینیو سەعات >1ی دوای نیوەڕۆ، سوپاس بۆ خودای گەورە، بە سەلامەتی گەیشتینە (مووسڵ).

# مووسل

کاتێ لەنگەرمان گرت، دیمان (خواجە عەبوود جەزراوی)ی دیلماجی قونسەلی فرەنسی لە (مووسل) بە خۆو بە یەشکچیی[شمر]، بە ناوی (مسیۆ برتیێ)ی کونسول هاتوون. خولقی کردین ببینە میوانی. چووینە شوێنی (مسیۆ برتیێ). چەند رۆژێك لەوێ ماینەوەو چاوەڕێی کەلەکێکی گەورەمان کرد هەڵمان بگرێ بۆ (بەغدا). لەبەر ئەوەی دوو رۆژ دوای گەیشتمان، نۆرەتامان گەڕایەوەو چەند رۆژێك کەوتینە ناو جێ، توانیمان تەنیا کەمێك بگەڕێین‌و سەردانی ئەو جوامێرانەی شار بکەین کە سەردانی ئێمەیان کردبووو تەماشایەکی (خورساباد)[شمر] بکەین کە شوێنەواری زۆر گەورەی تایبەت بە وڵاتی کۆنی (نەینەوا)ی تێدایە. کە (مسیۆ بۆتا)[شمر] دۆزیبوویەوە. (مسیۆ بۆتا) کونسولی فرەنسا بووە لە (مووسڵ). بەڵام چووینە گراوێك پێی دەگوترێ (عین کبریت). لە تەلیشت شارە. خەڵك خۆی تێدا دەشۆن.

## هەینی، 24ی تشرینی یەکەمی 1873

جەنابی (خواجە برتیی)و دایکی بە ڕێیان کردین‌و ئێمەیش سوپاسمان کردن بۆ ئەو میوانداریی‌یەی کردیانین. دابەزین بۆ سەر کەڵەك کە لە سێ سەد کوندە دروست کرابوو. کەڵەکێکی گەورەو وراق بوو، چوار کەڵەکوانی هەبوو. سەعات> 2ی دوای نیوەڕۆ، لە بەرامبەر پردەکە بە ڕێ کەوتین. دوای نەختێ، شارۆچکەی (نەبی یوونس)مان بینی. گوتیان دەستیان بە پشکنینی کردووە بۆ دۆزینەوەی شتی کۆن‌و خەڵك بڕوایان وایە ئەمە سەر بە (نەینەوا)ی کۆنە.

سەعات 4، گوندی (یارمجە)مان بینی‌و سەعات ،،4 گوندی (سرامون)و سەعات> 5، گوندی (شەمسیات)و سەعات > 8، گوندی (حاوی ئەسلان)مان لە سەر تەپۆلکەیەك بینی. خرابەیە. سەعات9، گوندی (قەبری عەبد)و سەعات > 9، لە بەرامبەر حەمام عەلی (حمام العليل)و چارەکە سەعاتە ڕێیەك دوور، لەنگەرمان گرت ئینجا بۆ بینینی حەمامەکە، لە کەڵەك دابەزینە سەر وشکاتی. چەند جەندرمەیەکمان لەگەڵدا بوو.حەمامەکە لە خوارەوەی تەپۆلکەیەکە پێی دەگوترێ (تەلسەبت). زەوی دەورو بەری هەمووی چۆڵ‌و بێ دەرگایە. بۆ ئەو حەشیمەتەیە کە ڕۆژانی هاوین بۆ مەلە کردن دێن.

حەمامەکە خۆی، گۆمێکی خڕی پڕ ئاوە. ئاوی لەبەر دەڕوا بۆ دەرەوەو لە دیجلە دەکاتەوە. شتی پیسی وەکوو خۆڵەمێشی تێکەڵ بە پارچە شتی رەشمان لەسەر ئاوەکە بینی. قیر بوون. هەندێکیان بە قەد سێوێکی گەورە دەبوون. هەموو لەگەڵ ئاوەکە لە کانییەکە دەهاتنە دەرەوە. ویستمان لە ئاو بکەوین بەلام دختۆرێکی نەمساویمان لەگەڵدا بوو، لەگەڵ دووی تر بۆ خزمەتی حوکوومەت دەچوونە بەغدا، ئەو دختۆرە بە هیچ جۆرێ لێنەگەڕا مەلەی تێدا بکەین چونکە نیشانەی تای (مووسلم)ان هێشتا پێوە مابوو. بە قسەمان کرد. نیو سەعات لەو ناوە سووڕاینەوەو گەڕاینەوە سەر کەڵەکەکەمانو شەو لەوێ نووستین.

## شەممە، 25ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873

سەعات 5ی دوای نیوەشەو، بە رێ کەوتین، سەعات > 6، گوندی (سەلامین)مان بینی، لە سەر تەپۆلکەیەك بوو. بەر لەوێیش هەندێ رەشماڵی کۆچەری هۆزی (جبوور)مان لەسەر کەنار بینی . زانیمان ئەم هۆزە لە (حەمام عەلی)یەوە تا (بەغدا)، لە سەر هەردوو کەناری رووبار هەنو لە (مووسل)یشەوە تا (حەمام عەلی) هۆزێکی تریان لەگەڵدا هەیە پێی دەگوترێ (ئەبو حەمەد)، هەموو دزەکانی رێگامان لەم دوو هۆزە بوون. ئەوانە لە دزیدا زۆر شارەزان.

سەعات 7>، هەموو دابەزین بۆ سەر وشکاتی، تەنیا کەڵەکوانان لەسەر کەڵەك مانەوە چونکە گەیشتینە تاڤگەیەك پێی دەڵێن (عەوایە). تاڤگەیەکی بچووکە شایەنی ئەوە نییە ئەم ناوەی لێ بنێن. ئەگەر کەڵەکەکە قورس بێ، بە زەحمەت لێی دەچێتە خوارێ چونکە رووبارەکە لەم کەنارەوە بۆ ئەو کەنار، بە ریزە بەردێکی یەك لەسەر یەك، براوە،. تەنیا کەنداوێکی تەسك هەیە بۆ رۆیشتن. بۆ سووك کردنی بارەکە لای تاڤگەکە دابەزین بۆ ئەوەی تەماشای رۆیشتنی کەڵەکەکە بکەین. نەختێ بە زەحمەتو سەخلەتی تێپەڕی بەڵام چوار کوندەی لە هەوا بەتاڵ بوون. یەکسەر چاکیان کردنەوە.

بەر لەوەی کەڵەکەکە تێپەڕێ، لە وەرزێرەکانم زانی کە هەر کەڵەکێك پێرەدا بڕوا، کوشتییەك بۆ (سولتان عەولا) دەکاتە نەزر کە لایان وەلییەکی گەورەیە. هەبزانە گەیشتینە مەزارەکەی.

ئەو بەردانەی بەری رووباریان گرتووە هەندێ نیشانەیان هەیە وا دەردەخەن پاشماوەی پردێکی کۆنن. کەڵەکوانانیش بۆیان باس کردین ئەمە پاشماوەی بەربەستێکە (نەمروود)[خه] دروستی کردووە.

کەڵەکەکە چاك بووەوەو بە رێ کەتین. سەعات > 8، گوندی (سەید ئەحمەد)مان بینی. گوتیان پاشماوەی کۆنی تێدایە. سەعات 11، گوندی (سەناریج)مان بینی، گوتیان کاوڵگە بووە، عەرەبی (خەتاب)[ل] ئاوەدانیان کردۆتەوە. (خەتاب) ناوی شێخەکەیانە بەڵام هۆزەکە سەر بە (جبوور)ە. لای نیوەڕۆ، گوندی (جەرف)مان بینی، گوتیان لە (مووسل)ەوە تا ئەوێ، بە سواری

هەشت سەعاتە ڕێیە. دوای بیست خولەك، بە شوێنێكدا تێپەڕین پێی دەگوترێ (جایب). ئاوەدانی تێدا نییە بەڵام هەمیشە عەرەبی دەشتەكی تێدایەو بەم ناوە بەناوبانگە.

سەعات 11، تاڤگەیەكی ترمان بڕی. هەندێكمان دابەزین‌و هەندێك لەگەڵ سەول لێدەران، لەسەر كەكەڵەك، مانەوە. ئەم تاڤگەیە لەوەی پێشوو ركترە. كە تاڤگەكەمان بڕی، بە پێویستمان زانی لەوێ لەنگەر بگرین بۆ ئەوەی كەڵەكەكە چاك بكەینەوە.

ئینجا كەڵەكوانەكانمان نارد كەڵەكی تەمساییەكان چاك بكەنەوە كە لە (حەمام عەلی)یەوە بە گەڵمان كەوتن. سەعات 2، بە ڕێ كەوتین‌و سەعات 3، ڕووبارێكی گەورەمان بینی لە دیجلەی ەكردەوە پێیان دەگوت (زاب)[و.م] و سەعات 6، گوندی (تەل شەوك)مان بینی‌و سەعات 7، مەزاری (سولتان عەولا)ی باسكراومان بینی‌و سەعات > 7، لەنگەرمان گرت. زۆرمان كەڵەك لە دەوروبەر بوو. بارو كەلو پەلیان بار كردبوو گوتیان ئەوانە نزیكەی 45 خولەك بەر لە ئێمە، لە (مووسل) بە ڕێ كەوتوون. لەوێ كۆمەڵێ عوربانمان بینی یەكێ لەو پاسەوانانەی لەگەڵمان بوون هات گوتی: كابرایەك ناوی (مەلا تەها)یە، داوا دەكا رخسەتی بدەین ماوەیەك لەگەڵمان سواری كەڵەك بێ. كوڕی میرزای (فەرحان پاشا)ی شێخی عەرەبی (شەممەرە)[و.م]. برووسكەیەكی بۆ پاشا پێیە.

داواكەمان قەبووڵ كردو بە گەرمی پێشوازیمان كرد.

## سەرچاوەی نەفت و قیر

سەعات >4ی دوای نیوەشەو بەرێ کەوتین. سەعات >8، گەیشتینە جێگایەك قیری تێدا بوو پێیاندەگوت قەیارە. دابەزین. ماوەیەکی زۆر بە قیری وشك داپۆشرابوو. کۆمەڵە سەرچاوەیەکی تازەی قیرو زفتمان بینی کە پێدەگوترێ نەفت. ئەمە لە قیر شلترە. کۆمەڵێ گڕاویشی لێیە. گوتیان هەر کەسێ رێی بکەوێتە ئەوناوە دەبێ ئاگر بۆ سووتاندنی ئەم کانزایانە بکاتەوە نەوەك شۆڕبێتەوە بۆ ناو رووبارو بە تێپەڕینی رۆژگار، کۆبێتەوەو بەری رووبار بگرێ یان رێڕەوی بگۆڕێ. هەروەها گوتیان هەر کەسێ خۆی لە ئاگر کردنەوە ببوێرێ دەکەوێتە بەر نەفرەتی خوا.

لەو شوێنەوە دەشتی هەردوو کەناری رووبار، بێ ئاوەدانییە تەنیا هەندێ وەرزێری هۆزی شەممەری تێدایە لە رەشماڵو زنجی قامیش‌و پووش‌و قەسەردا دەژین.

سەعات > 5، لاماندایە شوێنێك پێی دەگوترێ مەتەق. کۆمەڵە عەرەبێکی شەممەر لە سەر کەنار چاوەڕێیان دەکردین. یەك لەوانە شەلالی کوری فەرحان پاشای سەرۆك‌و فەرمانڕەوای هۆزەکە بوو لەگەڵ شێخی هۆزی جبوور کە لقێکە لە هۆزی شەممەر.

## لە میوانداریی شێخی شەممەردا

کۆمەڵێك لە لایەن پاشای ناوبراوەوە هاتبوون، خولقیان کردین بۆ شێو بچینە لایان. ئەسپیشیان هێنابوون سوار ببین. هۆی هاتنیان ئەوە بوو (مەلا تەها)، کە پێشتر لەگەڵمان سوار بوو، دوو سەعات بەر لەوەی بگەینە جێ، لە کەڵەك دابەزیو لە دەشتێ سوار بووو چوو خەبەری هاتنی ئێمەی بە پاشا گەیاند. بەم جۆرە پاشا داوەتی کردین بۆ شوێنەکەی خۆی کە دە خولەك لە رووبار دوور بوو. ئێمەیش لەسەر داوای ئەو چووین. کە گەیشتینە رەشماڵی پاشا، دیمان لەبەر دەم رەشماڵ بوو. زۆر بە رێزو رووخۆشی پێشوازی کردینو بردنیە ژوورەوە.

رەشماڵەکە گەورە بوو. هەموو شێخەکانی هۆزەکە لە لایەك دانیشتبوونو ئاگریان لە ناوەڕاست کردبووەوە. رایەخیان بۆ راخستبووین، لەسەری دانیشتین. پاشایش لە تەکمان دانیشتو زۆر لوتفی نواندو شاد بوو کە هاتووینەتە لای. ئێمەیش زۆر سوپاسمان کرد.

دوای کەمێ، ئەو دکتۆرانەی لەگەڵمان بوون، هاتن. ئەوان لە ئێمە دواکەوتبوون. کە زانیبوویان ئێمە چوینەتە دیدەنی پاشای ناوبراو، بە دوامانىدا هاتن. بە پاشامان ناساندنو پاشا زۆر بە رووخۆشی بە خێری

هێنان. ئینجا خێزانەکەم چووە حەرەمسەرای پاشا کە کەوتبووە لایەکی ڕەشماڵەکە. عەرەب پێی دەڵێن (بیت المجد). کە هاتەوە، چەند جارێك قاوەیان گێڕا.

ئەوسا دەستمان شووشتو سفرەی خواردن ڕاخرا. بەلەمە برنجێکیان دانا گۆشتێکی زۆری لەسەر بوو، لەگەڵ کۆمەڵە قاپێك جۆرەخواردنی تریان تێدابوو.

پاشا بە پێی ڕەوشتی تایبەت بە میوانداریی عەرەبی خۆیان، دانەنیشت. کە داوامان لێکرد دابنیشێ گوتی (تۆ موعەززەبی). مەبەستیان بەم وشەیە ئەوەیە: تۆ خاوەن ماڵی. زۆرمان لێکردو گوتمان ئەگەر لەگەڵمان دانەنیشێ، خواردن ناخۆین. دانیشتو بە شێوەی عەرەبی، بە دەست کەوتە سەر خواردن. ئێمەیش لاسامان کردەوە. بەڵام دکتۆرەکان، پاش تاقی کردنەوە، نەیانتوانی وەکوو ئێمە خواردن بخۆن. بۆڵە بۆڵیان دەکرد کە شتی وایان پێ ناکرێ بۆ ئەوەی بتوانن پاشدان بڵێن وەکوو عەرەبیان خواردنمان خواردووە. ئیتر گەڕانەوە سەر بە کارهێنانی کەوچك.

دوای شێو، ماوەیەك لەگەڵ پاشا گفت‌وگۆمان کرد. گاوێ بە تورکی‌و تاوێ بە عەرەبی. چونکە وەکوو زانیمان، پاشا چوبووە ئاستانەی باڵاو لەوێ فێری تورکی ببوو. زۆرمان کەیف بە ناسینی هات چونکە پیاوێکی پیاوو مێرخاس‌و ڕەوشتبەرزبوو. خەسیەتی باشی هەبوو. کە کاتەکە کۆتایی هات، ماڵاواییمان لێکردو سوپاسمان کرد بۆ ئەو لوتفەی لەگەڵی نواندین‌و داوامان لێکرد (شەلال)ی کوڕی‌و (شێخ حەسەن)مان لەگەڵ ڕەوانە بکا بۆ لای کەڵەکەمان، ئەمانەیش هاتبوولە دیدەنیمان. پاشا فەرمانی پێکردن‌و لەگەڵ (مەلا تەها)و کوڕی (شێخ حەسەن) هاتن.

لەسەر کەڵەك، لای ئێمە، قاوەیان خواردەوە، ئەو شتانەی لە وڵاتی خۆمان هێنابوومان، هەندێکمان پێشکێش کردن.. بە سەلامەتی بە ڕێیان کردین.

## دووشەممە، 27ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873

سەعات 3>ی دوای نیوەشەو، لە (مەتەق) بە ڕێ کەوتین‌و سەعات5، بە ناو هەڵەت‌و پەڵەتێکدا ڕۆیشتین پێیان دەگوت هەڵەتەکانی (عەفەر). سەعات 7>، بە لای (شەرقات)دا ڕۆیشتین، قەڵایەکی لە نزیك هەیە، بەم دواییە دەوڵەتی عوسمانی دروستی کردووە، ئەم گوندە هی (فەرحان پاشا)یە. سەعات 5،

رووبارێکی گەورەمان بینی لە دیجلەی دەکردەوە. پێی دەگوترێ رووباری (ئەبوحەمدان). رەنگی ئاوی رووبارەکە سوور بوو. کەڵەکوانان هۆیەکەیان بۆ ئەوە بردەوە کە لەلای سەرەوە باران باریوەو قوڕاوی لەگەڵ خۆی هێناوەتە خوارێ.

لەوێوە دەستی پێکرد رەوە بەرازی کێویمان لەسەر هەردووکەنار دەبینی چونکە شوێنەکە ئاوەدانی تێدا نییە. کەڵەکوانان نەوێران لەوێ لەنگەر بگرن چونکە شوێنێکی بە ترسە. بە شەو لە رۆیشتن بەردەوام بوون. سەعات 9، لە رێڕەوی قووڵی ئاو وێل بوون. کەڵەکەلەکە کەوتە شوێنێکی کەم ئاو. چەقیو گرمەیەکی قایمی لێوە هات. هەموو ناچار بوون لەناو ئاو دابەزنو پاڵی بدەن بۆ شوێنی قووڵ. بەم جۆرە ماوەی سەعاتێك مانەوە تا گێڕایانەوە سەر رێڕەوی خۆی. دوای ئەوە، رۆیشتین. سەعات 11، لە شوێنێك لەنگەرمان گرت پێیان دەگوت: (ئەبو جەحەش). عەرەبی (جبوور)ی تێدا بوو.

## سێشەممە، 28ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873

سەعات >5، لە (ئەبوو جەحەش) رۆیشتین. هۆی دواکەوتنمان ئەوە بوو کەڵەکوانان نەوێران بە شەو برۆن چونکە ئاو کەم بوو. سەعات >10، بە لای هەندێ سەروچاوەی قیڕدا تێپەڕین. بۆنی زۆر ناخۆش بوو. بەردەکانی لای دەستەچەپی رووبار، رەش بوون. لەوێ لە ناو دوو چیای (مەکحول)و

(حەمرین)دا بووین. کۆمەڵە کەڵەکێکمان بینی تەنیا لە دارو بە بێ کونده دروست کرابوون. بۆ فرۆشتنی دار دەچوونه (بەغدا). گوێمان لێ بوو خازەنەکانیان یەکتریان لە دزان ئاگادار دەکردەوە. چونکه دوو عەرەبی (عەنزە)یان لەسەر کەنار دیبوو تەماشای کەڵەکەکانیان کردبوو و پاشایان رۆیشتبوون. کەڵەکوانان دەیانگوت چل دزی عەرەبی (عەنزە) لەو ناوە هەن پەلاماری کەڵەکان دەدەنو تاڵانیان دەکەن. وای بۆ دەچوون ئەو دوو کەسەی دیویانه بۆ پێکەوتنی بارو دۆخو ژمارەی کەڵەکەکان هاتوونەته سەر کەنارو چوونەتەوە خەبەر به هاورێکانیان بدەن. بەڵام زۆربەیان رایان وا بوو ئەوانه ناوێرن پەلاماری کەڵەکی ئێمه بدەن چونکه ئاڵای فرەنسی به سەرەوە بوو. سوپاس بۆ خودا رۆیشتینو هیچ شتێ رووی نەدا. به درێژایی هەموو رۆژەکەو شەویش تا دەوری نیوەشەو، تا مانگ ئاوا بوو، رۆیشتین. ئینجا لە شوێنێك لەنگەرمان گرت پێی دەگوترێ (ئیرشادیە). ئەو رۆژە قەت هیچ گوندمان نەبینی.

# تکریت

## چوارشەممە، 29ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873

سەعات 4ی دوای نیوەشەو لە (ڕەشادییە) بە ڕێ کەوتین‌و سەعات >5، چیای (کەریم)مان بینی. ئەم چیایە مەزاری (عەبدولکەریم ئەبوو خەلخاڵی کوڕی ئیمام کازم)ی لێیە. سەعات >6، هەندێ ڕەشماڵی عەرەبی (عوبێد)مان بینی‌و سەعات 10، لامان دایە (تکریت)[*].

(تکریت) دەکەوێتە دەستە ڕاستی ڕووبار. یەکەم دار خورمامان لەوێ بینی. کە گەیشتین جۆرە بەلەمێکمان بینی خۆیان پێیدەڵێن قوفە، لە لاکەی تر دەهات بۆ (تکریت). باری بار کردبوو، زوو لەگەڵ کاروانێك لە (کەرکووك)ەوە[*] هاتبوو. شێوەکەی لە تاسەیەکی دەم قوچاوی دەکرد.

ئینجا دابەزین بۆ ئەوەی شارەکە ببینین چونکە پێمان وابوو شارێکی مێژوویە. کەچی گوندێکی سادە بوو. خەڵکەکە هەمووی بە بەرگی خەڵکی بیابان بوون. تەنیا چوار دوکانمان تێدا بینی. سەرمایەی هەرە باشەکەیان لە 200 قروش زیاتر نەدەبوو. ئینجا بۆیان باس کردین کە

قەلایەکی لێیە. چووین، تەنیا پاشماوەیەکی کەممان تێدا دی. داخمان خوارد کە ماندووبوونەکەمان بێ ئەنجام بوو.

لە بارەی خەڵکی (تکریت) بۆیان باس کردین کە تا بڵێی ترسنۆکن. جارێکیان یەکێ لە فەرمانڕەواکان دوژمنی دێتە سەر، داوای پێنج سەد چەکداریان لێ دەکا بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمن. کاتێ چەکدارەکان ئامادە دەکەن، خەبەر دەنێرن ئیشەکە تەواو بووەو داوا دەکەن پاسەوان بنێرن بۆ ئەوەی بیانبەن. کە فەرمانڕەوا ئەمە دەبیسێ، فەرمانیان پێ دەکا لە جێی خۆیان بمێننەوە، پێویستی پێ نین.

ئینجا سەعات -12 لە (تکریت) ڕۆیشتینو سەعات 3، کۆمەڵێ عەرەبی (عەنزە)مان دی بۆ ئاو دەهاتنە سەر رووبار. دەچوونە غەزوە (شەڕ).

سەعات -5، گوندی (دور)مان بینیو سەعات 7، کۆچەرێك بانگی کەڵەکوانەکانی ئێمەی کرد پێیگوتن. ئەوە دوو سەعاتە لە کەناری دەستە راست غەزوەیە لەسەر عەرەب. گوێمان پێ نەدا. سەعات < 7، پاسەوانەکان لە لای دەستەچەپ ئاماژەیان بۆ دۆڵێك کرد پێی دەگوترێ دۆڵی (قورقوشم). گوتیان لەوێوە شوێنەواری (بەغدا)ی کۆن دەست پێدەکا.

سەعات 8یش، لە کەناری دەستەراست هەندێ ئاگرمان لە پێش خۆمانەوە دی. کابرایەك لەسەر کەلەکێك بوو گەنمی بار کردبوو لە لێوی کەنار خۆی حەشار دابوو. بانگی کەلەکوانەکانی مەی کرد پێیگوتن ئێستا نەچنە پێش غەزوەیان لە پێشە. ئەو ئاگرانەی دیمان هی ئەوان بوون.

ئەوسا هەستاین لە لای راستی کەلەك سندووقمان لەسەر یەك دانان‌و وەکوو شوورەمان لێکرد بۆ چادری خێزانەکەم بۆ ئەوەی ئەگەر ئێش گەیشتە لێکدان، گوللەی پێ نەکەوێ. پاسەوانانیش بە چەکەوە خۆیان بۆ بەرگری ئامادە کرد. هەموو لە لای راستی کەلەکەکە بەرامبەر عەرەبی دەشتەکی ریز بووین. ئەوسا ئاماژەمان بۆ کەلەکوانەکانمان کرد برۆن‌و رۆیشتین. شەش کەلەکمان لە دواوە بوو. گەنم‌و گندۆرەیان بار کردبوو. لە ترسی عەرەبی دەشتەکی خۆیان لە کەناری دەستەچەپ شاردبووەوە. ئینجا پاسەوان‌و هەموو ئەوانەی لەگەڵمان بوون، ماوەی سەعاتێك تێیانهەڵکردە سروودی وشترڕانی عەرەبی‌و تەقەیان کرد. بەم جۆرە ئێمە رەت بووین‌و غازییەکان لە شوێنی خۆیان مانەوە، جوولەیان نەکرد. تا مێشکمان خاترجەم بوو کە مەترسی نەما، بەم ئامادەکارییە ماینەوە. لەو ماوەیەدا ناچار بووین لە سەر خۆ برۆین. چاوەڕێی دکتۆرەکانمان دەکرد کە بە پاش کەوتبوون. دەترستاین نەوەك تاڵانیان بکەن. چونکە کەلەکەکەیان بچووك بوو. پاسەوانیشیان نەبوو. ئەو شەوە تا سبەینێ، رۆیشتین.

# سامەڕا

**پێنجشەممە، 30 تشرینی دووەمی ساڵی1873**

کە ئەم بەیانییە بە خەبەر هاتین، خەبەریان داینێ دەوری سەعات 6ی دوای نیوەشەو، بە (سامەڕ)ادا تێپەڕیوین. (سامەڕا) شارۆچکەیەکە (موعتەسەم)ی خەلیفەی هەشتەمی عەباسییەکان، ساڵی 220ی کۆچی، دروستی کردو ناوی نا (سر من رای).

سەعات >8، یەکێ لە پاسەوانەکان جۆگایەکی لە دەستە راستی رووبار نیشان داین، ماوەی 6 سەعات دەڕۆیشتو زەویو زاری ئاودەدا. ناوی (دوجێل) بوو. عەرەبی تێدا بوو. هەروەها ئاگاداری کردینەوە کە لە (سامەڕا)وە تا (بەغدا) هەردوو کەناری رووبار زۆربەی بەردڕێژ کراوە. سەعات 9، کاروانێکی گەورەی عەجەمان بە لای دەستەچەپماندا تێپەڕین بۆ زیارەتی مەزاری (مەهدی ساحیبی زەمان) چووبوونە سامەڕا. کاروانێکی تریش لە (مووسڵ) دەگەڕانەوە ئەوێ.

سەعات 11، لەبەر بای پێچەوانە لەنگرمان گرت، کەڵەکوانان کێسیان وەرگرت ئەو کوندانەی پێویست بوون پڕ بایان کردنەوە. ئەمە لە نزیك گوندێك بوو پێیان دەگوت (قادسیە). نیوەڕۆ، بە ڕێ کەوتین. دوای نیو سەعات، هەندێ پارچە بینای گەورەمان لە ناو رووبار بینی وا پێ دەچێ پاشماوەی پردێکی کۆن بێ.

سەعات 2، لە لای دەستەچەپمانەوە خانی (مزراقچی)مان* بینی. پاسەوانی حوکومەتی لێ بوون. عەرەبی دەشتەکی لەسەر هەردوو کەنار خواردنیان بۆ دەهێنایین وەکوو ماستو کاڵەكو شتی تر. چ بە فرۆشتنو چ بە بەخشندەیی بۆیان دەهێنایین. هاتنیشیان بۆ سەر کەڵەك بەم جۆرە باو بوو: کوندەیەك پڕ با دەکەنو توند زارکی دەبەستنو دەیخەنە سەر ئاو. ئەو کەسەی دێ، سنگی خۆی دەخاتە سەرو هەردوو بن هەنگڵی دەسەردادێنێو بازووی تێ وەردێنێ. جامە ماست بە دەستێکەوە دەگرێو بە دەستەکەی ترو بە یارمەتی قاچەکانی کوندەکە پاڵ دەدا. ژنو منداڵ بەم جۆرە دەهاتن.

سەعات 4، بە لای خاکێکدا تێپەڕین پێی دەگوترێ (بەعروورە).

سەعات 5-، لە دوورەوە خانی (زلووعیە)مان** بینی. بە درێژایی شەو

رۆیشتین. جارو بار ئاگری عەرەبی دەشتەکیمان لەسەر هەردوو کەناری رووبار دەدی.

## سندیه

### هەینی، 31ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1873

وەکوو باسمان کرد، بە درێژایی شەو رۆیشتین. ئەمڕۆ بەیانی گوندێکمان لێ دەرکەوت بە ناوی (سندیه). بەر لەوەی بگەینە ئەوێ باڵندەیەکی گەورەمان بینی، زۆری وامان لەسەرکەناری رووبار دیبوو. یەکێ لە پاسەوانەکان گوللەیەکی پێوەناو پێکای. ملی درێژو دەنووکی پان بوو، درێژی 40 سم بوو. بەڵام کە باڵی لە یەك دەکردەوە، درێژی دوو مەترو نەوەد سالتیمەتر بوو. خواردنی ماسی بوو. ناوی نعاج (ماسیگرە) بوو. سەولێدەرە کوردەکان هەوەسیان پێدەهات، هەرچەندە بۆنی ناخۆش بوو، خواردیان.

سەعات >9، گەیشتینە گوندی ناوبراو. کەوتۆتە سەر تیشەیەکی بەرز ریبوار لە سەر کەڵەك، لە دارخورماکانی زیاتر هیچی دی نابینێ. بۆی

سەرکەوتین. خانووەکانی پەرتو بڵاوبوون چونکە هەر یەکە لە ناو باخی دارخورمای خۆی بوو. خانووەکانی هەموو لەسەر شێوەی شوورەی باخ بوون. لە خشتو قوڕ دروست کرابوون.

گوتیان خەڵکەکەی خڕ شیعەن. لە وشکانی 8 سەعاتە رێ لە (بەغدا) دوورە. کەچی بە کەڵەك نزیکەی 30 سەعات دەبا. کوورەیەکی گەورەی لە تەنیشتی لای رووبار هەبوو. چووینە ئەوێ. کرێکار کەرپووچییان دەردەهێنا. زانیمان کوورەکە چل هەزار کەرپووچ دەگرێ. هەزاری بە حەفتا قرۆش دەدەن. کەرپووچ، دوازدە رۆژی دەوێ تا دەردەچێ. هیچ بەرد لەو ناوانە نییە بۆ بینا. چونکە چیای لێ نییە. بەکار هێنانی خشت، چ ئەوەی لەبەر رۆژ وشك دەکرێتەوەو چ ئەوەی بە ئاگر سوور دەکرێتەوە (کەرپووچ)، کۆنە. لە زەمانی بورجی بابلەوە هەیە کە تەورات باسی کردووە.

سەعات 1ی دوای نیوەڕۆ، گوندی (سەعدیە)مان دی. ئەم گوندە باخی دارخورمای لێ هەن. سەعات > 3، وەکو گوندی یەکەم، گوندی (مەنسووریە)و باخەکانمان لێ دەرکەوت. هەندێ قوفەمان لەو ناوە بینی وەکوو ئەوانەی باسمان کردن. گندۆرەیان بار کردبوو، دەچوونە (بەغدا). هەندێکیش هاتبوون باری بکەنو ببەن.

سەعات 6، بە لای رووبارێکدا چووین لە دیجلەی دەکردەوە پێی دەڵێن (خالیس). لەوێوە باخەکانی گوندی (حەواش) دەست پێدەکەن. هەموویشی دارخورمایە. نەختێ لەوێ لەنگەرمان گرت.

سەعات 7، بە رێ کەوتین. سەعاتی9، بە گوندی (جدیدە)دا تێپەڕین. ویستمان بە درێژایی شەو بڕۆین بۆ ئەوەی بتوانین رۆژی پاشی بگەینە (بەغدا).

# بەغدا

## شەمە، 1ی تشرینی دووەمی 1873

شەو لەسەر هەردوو کەناری رووبار، گوێمان لە دەنگی گڕگڕەی گەورە دەبوو بە هێزی دۆلاب ئاویان بۆ ئاودانی شینایی لە رووبار هەڵدەکێشا. سەعات 7، گوندی (زباغیات)مان بینی. دوای ئەو، بە بیست خولەك گوندی (ئەبودالی)و سەعات9، گوندی (قومەیرە)و سەعات 10 گوندی (فرێجات)مان بینی، ئامێرێکی هەڵمی بۆ ئاودانی زەوی لە تەنیشت بوو. هی حوکوومەت بوو. لەوێوە، دوور بە دووری، چوار منارەکەی (کازم)مان لێدەرکەوت و بۆ نیوەڕۆ شارۆچکەو مزگەوتی (کازم)و باخەکانی (موعەززەم) خۆیان پیشاندان.

برنجیان لەسەر کەناری دەستەراست چاندبوو. لەوێ پاسەوانەکان سێ سندووقی درێژیان نیشان داین لەسەر زەوی فرێ درابوون و بە لباد پێچرابوون. گوتیان ئەمانە جەنازەی مردووانیان تێدایە، عەجەم لە وڵاتی

خۆیان هێناویانن بۆ ئەوەی لە (کازم) بیاننێژن. ئەمە بەلای ئەوانەوە خێرێکی گەورەیە چونکە خاکی (کازم)و شوێنەکانی تری عیراق بە پیرۆز دەزانن.

سەعات 1، گوندی (موعەززەم)مان بینی. مەزاری ئیمام ئەعزەمی (بابی حەنیفە)ی لێیە کە یەکێکە لە چوار ئیمامەکان. سەعات 4، گەیشتینە (بەغدا)و سوپاسی خوامان کرد کە بە سەلامەتی گەیشتین.

لە (کازم)ەوە تا (بەغدا)، هەردوو کەناری رووبار هەمووی باخو بیستانە. دیمەنەکەی زۆر جوانە. دەروازەی شار تا بلێی خۆشە. بە تایبەتی کاتێ کەلەك دەچێتە ناو شار.

لە هەردوو کەنارەوە خانوو بەسەر دیجلەدا دەڕوانن. دیجلە، شار دەکاتە دوو بەش: یەکێ (کەرخ)ەو دەکەوێتە دەستە راست، ئەوەی تر (رەسافە)یەو دەکەوێتە دەستەچەپ.

# دوایی

ئەمە بوو ویستمان لە بارەی ئەو گەشتە کورتە بینووسین کە تەنیا یاداشتێکە بۆ ڕێبواران. نەمانویست درێژەی بدەینێ و تیف تیفەی بدەین. تەنیا ئەو شتانەمان باس کرد کە سەرەڕای قاڵ بوونمان بە ئەرکی سەفەرەوە، بە چاو دیومانە، یان تزانیومانە بە قەڵەم وەری بگرین.

باسی لایەنی مێژوویی ئەو شوێنانەمان نەکردووە کە پێیاندا ڕۆیشتووین چونکە ئەمە چەند بەرگێك هەڵدەگرێ. بگرە هەر (بەغدا) خۆی مێژووەکەی چەند بەرگێکە.

بەش بە حاڵی ئێستای ئەم شارەیش، بە داخەوە، زۆر لە حاڵی سەردەمی کۆنی دوورە. مەنسووری خەلیفەی دووەمی عەباسییەکان کە لە (هاشمیە) وەرس بوو، ساڵی 145 دەستی بە دروست کردنی (بەغدا) کرد، ئەم شارە بوو بە شوێنی زانست و هونەر و بنکەی شارستانێتی. ماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە مایەوە تا ساڵی 656 ی ك.، (هۆلاکۆ)ی پاشای تەتەر داگیری کرد. (موستەعسیم بیللا)ی سی و حەفتەمین خەلیفەی عەباسییەکانی کوشت و زیانێکی زۆری لێدان. کوشتن و

تالانکردن نزیکەی چل رۆژ لە (بەغدا) بەردەوام بوو. ئینجا جاڕی هێمنیو ئارامی درا.

ئەم رووداوە گەورەترین کارەساتو مەزنترین نەهامەت بوو بە سەر پایتەختی جوانو شکۆمەندی خەلافەتدا هات. بناغەی هەڵتەکاو رەونەقی نەماو خەڵکەکەی پەرتان پووتانیان پێکەوتو ئەو شارە کە گوڵی پایتەختەکانی دونیاو کولووکی وڵاتان بوو، بوو بە وێرانەو کەلاوە.

بۆ ئەوەی لە کورتی بیبڕینەوە، وەسفی خاوەنی (مراصد الاطلاع) وەردەگرین کە دەڵێ: (بەغدا) دایکی دونیاو خانمی وڵاتان بوو تا تەتەر هاتن زۆربەیان کاول کردو خەڵکەکەیان کوشت تەنیا تاکو تووک مان، ئینجا خەڵکی وڵاتان هاتنو لێی ئاکنجی بوونو خەڵکە رەسەنەکە لەناو چوون. (بەغدا)ی ئێستا (بەغدا)ی جاران نییە. گەورەیی هەر بۆ خوا باشە.

واتە دوای ئەوەی خەڵکە رەسەنەکەی کوژرانو بڵاوەیان تێکەوت، نەتەوەو رەگەزی جۆراوجۆر لە هەموو وڵاتانی دەورو بەرەوە روویان تێکردو لێی نیشتەجێ بوون. بەڵگەیشی تا ئێستا لەبەر چاوە. ئەویش ئەوەیە زمانی عەرەبییان سەدان وشەی ئەعجەمی تێدایە وەکوو تورکیو فارسیو کوردی. تەنانەت وشەی زمانە فرەنجییەکانیشی تێدایە وەکوو

ئینگلیزیو فرەنسی. ئێمە لەوەتی هاتووین دەستمان بە کۆکردنەوەی ئەو وشانە کردووەو تا ئێستا ژمارەیان گەیشتۆتە دەوری 250 وشە.

بەڵام ئێستا خەڵکەکەی هەموو پیاوی ماقووڵو خانەدانو ناسراون. زانای بەناوبانگیان هەیە کە پایەیەکی بەرزیان هەیە چ لەبارەی هونەرو زانیاری بێتو چ لەبارەی خەسیەتو ئاداب. زۆربەیان زیرەکییەکی خۆڕسکیان هەیە، تەنیا دەیەوێ بە زانستو خوێندنەوە مشتوماڵ بدرێ بۆ ئەوەی رەونەق بداو بگەشێتەوە. حەزمان دەکرد قوتابخانەی لەوانە باشترمان دیبان کە ئێستا هەیانە. لە ناخی دڵەوە هیوای ئەمەیان بۆ دەخوازین.

* * *

# پەراوێز

[1]گۆڤارێك بوو پترۆس بوستانی دەری دەکرد.

[2]مەبەستی پترۆس بوستانی سەرنووسەری گۆڤاری (الجنان)ی بیروتییە.

[3]جێگایەکە لە شێوەی ژوورێکی بچووك، یان کورسییەکدایە لەسەر شتێ دادەمەزرێ. پاشاو پیاوی گەورە لەسەری دادەنیشن‌و خزمەتکاران هەڵیدەگرن. تەختی رەوان (کەژاوە) هەمووی بە گوڵو چلەداری سەوز دادپۆشرێ و بە شان هەڵدەگیرێ.

[4](بیلان) دەکەوێتە باشووری (ئەسکەندەروونە). کەنداوێکی بەناوبانگی لێیە. شەڕی بیلانی بەناوبانگ لە 29ی حوزێرانی 1832، لەو شوێنە، لە نێوان (محەمەد عەلی پاشا)ی والی (میسر)و هێزی سولتانی عوسمانی رووی دا. ئەمە سێیەم شەڕی میسری- عوسمانی بوو لە سەردەمی (محەمەد عەلی پاشا)دا. کەنداوی (بیلان) دەگاتە دەشتی (ئەنتاکیە)و کەنداوی (ئەسکەندەروونە).

[5](ئەنتاکیە): پاشای سلوقییەکان، کە دوای ئەسکەندەر هاتن، دروستیان کرد. تا هاتنی ئیسلام یەکەم شارو پایتەختی وڵات بوو. گەورەترین‌و گرنگترین شاری رۆژهەڵات بوو لە زانست‌و بازرگانی‌و پایەی سیاسیدا. بەڵام یەك لە دوای نەهامەتی بەسەر هات‌و بوومەلەرزەی لێدا تا وەکوو ئێستای لێهات.

[6]واتە ئەو خانەی دەکەوێتە سەر رێگای دیاربەکر.

[7]گوندێکی تریش بە ناوی (کانی سپی هەیە)، سەر بە (لازقیـەیە).

[8](عیفرین) ئەمڕۆ شارێکی پارێزگای (حەلەب)ە. ناوەندی ناوچەی (عفرین)ە. دەکەوێتە گۆشەی ئەوپەڕی باکووری رۆژئاوای سنووری سووری- تورکی.. لای رۆژئاوای (دەشتەقوول)ی لێوای (ئەسکەندەروونە)و رووباری رەش.

[9](ترمانین): شارۆچکەیەکی بچووکە. دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای (حەلەب). نزیکەی 45 کم لێیەوە دوورە. لە سەر رێگای (باب‌وهەوا)و (ئەنتاکییەیە). لە رووی بەڕێوەبەرایەتییەوە سەر

به ناحیەی (الدانا)و ئینجا (حارم)و ئینجا پارێزگای (ئیدلب) بووە. زۆر شوێنەواری کۆنی سەردەمی یۆنانیو رۆمانی تێدایە.

[10]گوندی (الدانا) دەکەوێتە سەر رێگای (بابوهەوا) کە بە پێبازی نێوان پارێزگای (ئیدلب)و لیوای (ئەسکەندەروونە) دادەندرێ. زۆر گۆڕی تێدایە لە شاخ دەرهێنراون.

[11]رووبارێکە لە نزیك شاری (حەلەب).

[12]ئێستا، (عەزیزیە) گەڕەکێکە لە (حەلەب). ناوەندێکی بازرگانیو ئاوەدانی گەورەیە.

[13]دیارە ئەم نووسینە بۆ سەردەمی (ئەشرەف قایتبا)ی دەچێتەوە. (قایتبای)، (یەشبەك دەوادار)ی سەرکردەی خۆی رەوانەی ئەم ناوچەیە کرد بۆ لەناو بردنی میرنشینی (دەلغەری) تورکمانی بە سەرکردایەتی (شاسوار) کە سالی 882ی ك، 1477ی ز. لە دەسەلاتی مەمالیکەکان یاخی بوو.

[14] Honore وشەیەکی فرەنسییە، یانی شکۆمەند.

[15]بۆیە پێشی دەگوترێ: (قەرە ئامەد).

[16]وشەی کەلەك فارسی نییە، کوردییە(وەرگێڕی کوردی)

[17](جزیرەی ئیبن عومەر)، یان (جزیرەی بۆتان) دەکەوێتە ئەوپەڕی باشووری رۆژهەلاتی تورکیا. لە نزیك چیای (جوودی)یە. زۆربەی شێنی کوردن.

[18]حسن کیف. (حصن) عەرەبییە، یانی قەلای کیف. هەندێ دەلێن کیف کەهفی عەرەبییە کە مانای ئەشکەوتەو هەندێ دەلێن وشەیەکی سریانییە.کیف بە سریانی یانی شاخ. هەروەها کیف ناوی بەرۆسی یاوەرە بە سریانی. ئەم قەلایە لە سەردەمی ئەیووبیو مەملووکیدا، هەرێمێکی ئەییووبی بوو. لەگەلّ (حەما) دوا هەرێمی بچووکی ئەییووبییەکان بوو لە ناوچەکە.

[19]سەیر نییە (سیوفی) بەم جۆرە باسی ئەم دەشتەکییانە دەکا چونکە خۆی لە شاری (دیمشق) لە دایك بووەو هەر لەوێش گەورە بووە. نازانێ دەشتەکیو کۆچەر لە زۆربەی ناوچەکانی شامو عیراق بەم جۆرە لە ئاوی رووبار دەکەوتن (وەرگێڕی کوردی).

[20]من نازانم (سە مانکا) بە کوردی چۆن یانی سێ گوند (وەرگێڕی کوردی)

[21]ئەمە یەکێکە لە هۆزە گەورەکانی عیراق. لە سوریایش هەن. هەندێ رایان وایە لەمانە لە هۆزی (زەیدیە)ن بەلام هەندێکی تر رایان وایە ئەمە هۆزێکی سەربەخۆیە.

[22]ئەسکی: واتەکۆن. (ئەسکی مووسل): (مووسلی کۆن).

[23] پەشکچی واتە پاسەوان، یان پیاوی ئاسایش بە تورکی

[24] (خورساباد): شارێکی کۆنی بەناوبانگ بووە. پاشماوەکانی دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی (مووسڵ). گرنگترین پاشماوەی ئاشوورییەکانی لێ دۆزراوەتەوە.

[25] (بۆتا): (پۆل ئیمیا بۆتا) ساڵی،1843، لە (قوینجیك)و ئینجا لە (خورساباد)، دەستی بە کنەو پشکنین کرد، لە دوای پایتەختی سەرجۆنی دووەم دەگەڕا.

[26] (نەبی یوونس) گردێکە گۆڕێکی لەسەرە، دەکەوێتە رۆژهەڵاتی (مووسڵ). دەڵێن گۆڕەکە گۆڕی (یوونس پێغەمبەر)ە. جا وایە یان نا؟ هەر خوا دەزانێ، چونکە هەندێ بە گۆڕی کەسی تری دەزانن. بە هەر حاڵ شوێنێکی کۆنو پیرۆز بوو، بە داخەوە، بیستم هێزی رەش تەقاندیانەوە (وەرگێڕی کوردی).

[27] هۆزی (ئەلبو حەمەد) یەکێکە لە گەورەترین خێڵی زبێدییە لە عیراق. لقێکە لە خێڵەکانی (زبێد ئەلبو سولتان).

[28] (نەمروود): زۆر لە لێکدەرەوەکانی قورئان دەڵێن ئەمە (شا نەمروودی کوڕی کەنعان)ە کە مەنجەنیقی بۆ (ئیبراهیم) داخست.

[29] هۆزێکی گەورەی عەرەبە سەر بە هۆزی (زوبەید)ی قەحتانییە. لە (عیراق)و (سوریا) هەن.

[30] زاب: مەبەست زێی گەورەیە. یان پێی دەڵێن زێی بادینان. لەگەڵی (باڵندە)وە دێتو بە خوار (بارزان)و رۆژئاوای (بلە)دا تێدەپەڕێو دەچێتەوە (پێخمە)و بە ناو سوورچیاتیو زرارەتیو ئینجا دەشتی خوار هەولێردا دەرواو لە دیجلە دەکاتەوە.

[31] (شێخ فەرحانی کوڕی سەفووقی بەکر) شێخی شێخەکانی خێڵی (شەممەر) بوو. ساڵی 1870، دوای ئەوەی زمانی لە (عەبدولکەریم)ی برای لە دایكو باوکی خۆیدا کە عوسمانییەکان لە دووی دەگەڕان، ئەویش رایکرد بوو خۆی لە (مونتەفیك) شاردبووەوە. نازناوی پاشایەتی پێدراو مووچەیەکی مانگانەی لە حوکوومەتی تورکی بۆ بڕایەوە. بەڵام رێزی راستەقینەی لای خێڵەکەی خۆی نەبوو. برایەکی لە خۆی بچووکتری لێ بوو بە مێملو رکابەر. براکەی ناوی (فارس) بوو. لە ناو (شەممەر)ی (نەجد) گەورە ببوو. ساڵی 1875، هاتەوە یەکەم جار، کرا بە قایمقامو ئینجا نازناوی پاشایەتی وەرگرتو بوو بە رکابەری (فەرحان)ی برای.

کۆمەڵە گوندێکی هەیە. وەکوو گوندی
[32]ناحیەیەکی (مووسڵ)ە. 60 کم لە (مووسڵ) دوورە.
(ئەجحەلە)و (حوود)و (لزاکە)و (زاویە)و (حاج عەلی)و (ئەرکەبە- جەدعە)و (مەریر)و
(سەعیویە)و (سرت). قەڵای بەناوبانگی ئاشوور، 40 کم لە خواری (قەیارە)یە تا ئێستا
شوێنەواری ماوە. کۆشکێکی گەورەیشی لێیە بۆ سەردەمی عوسمانلی دەچێتەوە پێی دەگوترێ
(کۆشکی رەش). کۆشکەکە تا ئێستا سیمای عوسمانلی پێوە دیارە.
بەڵکو هاوپەیمانییان لەگەڵ هۆزی
[33]خێلی (جبوور) لقێك نیە لە لقەکانی (شەممەر).
(شەممەر) هەیە. واتە شێخی ناوبراو، (شێخ حەسەن)، یان (حوسێن) شێخی (جبوور)ی
دیجلەیەو سەر بە لقی (عجیل)ی ناوچەی (قەیارە)یە.
دەکەوێتە سەر رووباری
[34]شاری (تکریت) 160 کم لە باکووری رۆژئاوای (بەغدا) دوورە.
دیجلە. ناوەندی پارێزگای (سەلاحەدین)ە. (سەلاحەدینی ئەییووبی) لێرە لە دایك بووە. لە
سەردەمی شەڕەکانی خاچپەروەراندا، قەڵایەکی گرنگی لێبووە . شارێکی مێژوویی بەناوبانگە.
[35] (کەرکووك) 250 کم لە باکووری رۆژهەڵاتی (بەغدا) دوورە. سنووری، لە باکوور
چیاکانی زاگرۆس‌و لە رۆژئاوا زێی بچووك‌و لە باشوورەوە زنجیرە چیای (حەمرین)ە. شاری
ئێستای (کەرکووك) لەسەر دارو پەردووی شاری (ئەراپخا)ی کۆن دروست کراوە کە تەمەنی
بە دەوری 5000 ساڵ مەزەندە دەکرێ. (کەرکووك) شارێکی فرە نەتەوەیە. کوردو تورکمان‌و
کلدانی سریان‌و عەرەب‌و ئەرمەنی تێدایە.
34 هەشتەمین خەلیفەی عەباسی (ئەبو ئیسحاق مەحەممەدی کوڕی مەئموون)ی ناسراو بە
(موعتەسەم). شاری (سر من رای – سامراء)ی دروست کردو پایتەختی گواستەوە ئەوێ.
هەروەها (عەمووریە)ی رزگارکردو دوای ئەوەی پاشای رۆم هێرشی کردە سەر (زبەترە)و
خەڵکەی کوشت‌و بە دیل گرت، یەك لەوانە ئەو ژنە هاشمیە بوو کە لەبەر دەستی رۆمەکان
هاواری (موعتەسەم)ی کرد: وا موعتەسەماە! ساڵی 842 کۆچی دوایی کرد.
[37] (سامەرا) وشەیەکی ئارامییە. لە بنچینەدا، وەکوو زۆربەی ناوی ئارامی، بە ئەلفی مەقسوور
دەنووسرێ. (موعتەسەم) شارەکەی دروست کردووە بەڵام ناوەکەی (سامەڕا)، ئەو لێی نەناوە.
ناوەکە لە مێژوودا کۆنە. مێژوونووسی رۆمانی (ئیمیانس مەرقلینس)ی ناودار(320–390)
بە شێوەی (سومەرا) ناوی هێناوە. هەروەها (زوسیمس)ی مێژوونووسی یۆنانی سەدەی پێنجی

زاینی، خاوەنی مێژووی رۆمانی، بە شێوەی (سووما) ناوی هێناوە. لە نووسینەکانی سریانییەکانیشدا، بە (شومرا) هاتووە.

[38]گۆڕی هەردوو ئیمامی عەسکەری: (عەلی کوڕی محەمەدی هادی)و (ئیمام حەسەن عەسکەری) کوڕی، لە سامەڕان. جگە لەمانە، گۆڕی خاتوو (نەرگس)ی خێزانی (ئیمام عەسکەری) دایکی (ئیمام مەهدی چاوەڕێکراو)و گۆڕی خاتوو (حیکمەت)ی کچی (ئیمام محەمەد جەواد)و خوشکی (ئیمام عەلی هادی)و پووری (ئیمام عەسکەری) لێیە. (ئیمام عەلی) ساڵی 234ی ك. هاتە (سامەڕا)، کاتێ (موتەوەککیل)ی عەباسی یەکێ لە سەرکردەکانی خۆی بە ناوی (یەحیای کوڕی هەرتمە)ی لە دوور ناردە مەدینە. (ئیمام هادی)، (ئیمام حەسەن عەسکەری) کوڕی لەگەڵ خۆی هێنا کە ئەوسا تەمەنی دوو ساڵ بوو. کە (ئیمام هادی) ساڵی 254ی ك. 868ی.ز، بە ژەهر کوژرا، لە ناو ماڵی خۆی ناشتیان. پاشانیش، (ئیمام حەسەن عەسکەری) کوڕی، کە ئەویش ساڵی 260 ك، 874ز. بە ژەهر کۆچی دوایی کرد، لە تەکیا نێژرا.

[39]ئەم خانە ئێستا دەکەوێتە ناو سنووری (بەغدا). هەندێ رایان وایە ئەمە (خان پاچەچی)یە.

[40]. ئەمە خانێکی بەناوبانگە. لە نزیك (بەغدا)یە. بەر لە ماوەیەکی کەم هێزەکانی ئەمریکا تەقاندیانەوە.

* * *

# پاشکۆی وێنەکان



میر عەبدولقادری جەزائیری و هەندێ لەپیاوە نزیکەکانی. نیکۆلا سیوفی یەکسەر لە پشتییەوە وەستاوە.





بێرووت . کۆتایی سەدەی نۆزدەم





تەرابلس ، کۆتایی سەدەی نۆزدەم



گالیسکەی کورسە لە تەرابلس، کۆتایی سەدەی نۆزدەم



لازیقییە، کۆتایی سەدەی نۆزدەم



تافگەکانی نزیك ئەنتاکیە. ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم



باب فەرەج لە جەلەب، کۆتایی سەدەی نۆزدەم



قەڵای حەلەب



لەسەر قەڵاوە حەلەب ئاوها دیارە. کۆتایی سەدەی نۆزدەم



قاوەخانەیەك لە دیار بەکر، کۆتایی سەدەی نۆزدەم



ئافرەتێکی کورد منداڵی لە باوەشە، کۆتایی سەدەی نۆزدەم



پاشماوەی پردێکی بەردی نزیك مووسل، کۆتایی سەدەی نۆزدەم.



مووسل، کۆتایی سەدەی نۆزدەم



پردێکی شاری مووسل، کۆتایی سەدەی نۆزدەم



ئەوقوفانەی سیوفی لە تکریتو بەغدا بینینی. کۆتایی سەدەی نۆزدەم



مزگەوتی ئیمام کازم لە بەغدا. کۆتایی سەدەی نۆزدەم

# رحله

# نيكولا سيوفى

1873

بيروت – حلب – كردستان – الموصل – بغداد

ترجمة عزيز گەردی

# رحلة

# نيقولا السيوفي

## 1873م

الى

بيروت–حلب–كردستان–الموصل–بغداد

ترجمه عزيز گردى

السليمانيه ٢٠١٩